کورد لە نێوان زەبری دەوڵەت و گرێی بەدەوڵەتیدا … نەبەز سەمەد

دەوڵەت بە کورد چ واتایەک دەگەیەنێت؟ داخۆ کورد چ پەیوەندییەکی لەگەڵ دەوڵەتدا هەیە؟ دەوڵەت بە کورد بووە بە کێشەیەکی گەورە، لە لایەکەوە کورد لەژێر زەبری دەوڵەتدایە، چونکە بەسەر چوار دەوڵەت-نەتەوەی پاشکۆلەنیالیزم دابەشکراوە و لە لایەن ئەم دەوڵەتانەوە دەچەوسێنرێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، کورد خۆی وەک قوربانییەکی بەدەوڵەت نیشان دەدات. وەک گەورەترین نەتەوەی بەدەوڵەت خۆی بە ئۆیدی دەناسێنێت، واتا کورد شوناسی خۆی وەک بەدەوڵەتێک دیاری دەکات. ئەمە بریتییە لە دیلەمای دەوڵەت لە لای کورد. دیلەما (dilemma) واتا دەخێکی ناچاری، تە ناچاری لە نێوان دوو شت یان دوو حاڵەتی نالەباردا بەیار بەدیت و خەت یەکا بکەیتەوە. لە خوارەوە ئەم دیلەمایە پتر ڕوون دەکەمەوە.

کورد لە لایەن دەوڵەتەوە داگیرکراوە، ئازاردراوە، چەوسێندراوەتەوە، ستەمی لێکراوە، زیندانی کراوە، ڕاگوزراوە، بەعەرەب، بەتورک و بەفارسکراوە، لە لایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە هووبڵووی تۆندوتیژی و زەبروزەنگ بەتەوە، مافی یاسایی لە سەندراوەتەوە، کەسی مەدەنی لە داماڵێنراوە، سەرەنجام لە لایەن دەوڵەت-نەتەوە داگیرکەرەکانەوە کەمەکۆژی، ئەنفال و جینۆسایدکراوە. هەموو ئەمانە بریتین لە زەبری دەوڵەت بەسەر کوردەوە. لە ئەنجامی ئەم زەبرەوە کورد کاردانەوەیەکی نەرێیی، تەواونێنکەی نەرێیی، هەوڵستێکی دژە دەوڵەت، دژە سیستەم، دژە دامەزراوەیی لە لا دروست بووە. بەیە دەبینین وەک کاردانەوە و پەرچەکردارێک کورد لە بەرانبەر دەوڵەتدا چەکی هەڵگرتووە و بووە بە پێشمەرگە، لە دژی دەوڵەت شەڕی کردووە، هەرشکردنە سەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و حکوومەتی کردووە بە ئامانج، … هتد. ئەم هەستە دژە دەوڵەتییە لەکاتی شاخەوە لەنەو خەباتگێڕانی کورد دروست بووە و پاش ئۆی دەنەوە نەو شار لە دوای ڕاپەڕین هەر بە هەمان هەست و مەنتاڵیتی شاخ لە دامەزراوە حوکوومی و دەوڵەتییەکان دەڕوانن، بەیە ئەو دژگا و دامەزراوانی حوکوومەتی بەعس کە بەجەماون لەبری ئۆی سوودیان لەوەربگیرێت، وەران و تاڵان دەکرێن.

ئەو ژەرخانە دەوڵەتییەی کە هەبووە لەناودەبرێت. حیزبی کوردی دوای ڕاپەڕین تاکوو هەنووکەش نەیتوانیوە ئەم تەوانینە بە دامەزراوە دەوڵەتی و حوکوومییەکان، بە موڵکی گشتی، بە شوێنە گشتییەکان لە لای تاکی کورد بگەیەنێت، بەڵکو لە هەندێ ووڵاتدا ئەو هەڵە و کینە، تووڕەیی و تەوانییە نەرێنییەی تەترکردۆتەوە و پتر توانایەتی پەیداوە، لەبەرئەوەی حیزبی کوردی شکستی هێناوە لە حوکوومەانی و لە پشکشکردنی نموونەیەکی جوان بە هاووڵاتیانی کورد، چونکە جارێکی دیکە تاکی کورد لە لایەن حیزبی کوردییەوە کەوتۆتەوە ژێر زەبری دامەزراوە حوکوومییەکانەوە هەر لە نەبوونی خزمەتگوزارییەوە تا ترس، تەقاندن و تیرۆر. بەیە کورد ئەزموونێکی زۆر خراپ و تراژیدی لەگەڵ دەوڵەت و دامەزراوە حوکوومییەکاندا هەیە، جا چ دەوڵەتە داگیرکەرەکان بێت یان دەسەڵاتی حوکوومەتی حیزبیی کوردی بێت.

لە لایەکی دیکەوە، بەشێکی دی دیلەماکە، کورد گرێی بەدەوڵەتی و دەردی نەبوون بە دەوڵەتی هەیە. زۆرینەی کورد ئەم ئازاری بەدەوڵەتییەی چەشتووە، بەتایبەتی لە دەرەوە کاتێک لێت دەپرسن خەڵکی کوێی، یان دەبێ یەکێک لە دەوڵەتە پووڵکەنراو و داگیرکەرەکان بڵێی (تورکیا، سوریا، عێراق، ئێران) یان بڵێی کوردستان، ئیدی لەرەوە پرسیارەکان دەست پێدەکەن، چی؟ کوردستان لە کوێیە؟ دەتوانی لەسەر نەخشە پیشانم بدەی؟ … هتد ئەمە چەندین جار ڕوژانە دووبارە دەبێتەوە. لەرەوە ئازارچەشتنەکە دەست پێدەکات، بەشوناسی، بەمافی، هەستکردن بە شەرمەزاری، هەستی خەبەکەمزانی، هەستی دەردی بەدەوڵەتی هەموو ئەوانە ئازارت دەدەن و بیریندارت دەکەن. بەیە کورد وەک قوربانییەکی بەدەوڵەت لەخۆی دەڕوانێت، لەنەو ئەم دەخی قوربانیبوونە گینگە دەدات و لێی دەربازنابێت. بەی بوون بە گرێیەکی ئاسکاو و بەی ناکرێتەوە، بەی چارەسەرنابێت، هەندە لەنەو دەردی بەدەوڵەتیدا دەتڵێتەوە ناتوانێت تەی بپەڕێنێت. ئەم دەردە، ئەم گرێیە سەرکردەکانی کوردیشی گرتۆتەوە، لە دیارترین نموونەیدا لەنەو کەستی مەسعود بارزانیدا خۆی نمایش دەکات. ئەگەر بوردی سەرنجی لەدوان و قسەکانی بارزانی بدەین، بە ڕوون و ئاشکرایی ئەم گرێی بەدەوڵەتییە لەودا خۆی مانیفێست دەکات. لە هەمان کاتدا، ناتوانە لەم گرێیە دەربازببێت، ئەو خۆی باش دەزانێت کە ناتوانێت دەوڵەت (ی کوردی) دابمەزرێنێت و دروستی بکات، بەیە دەیەوە ڕایبگەیەنێت. ئەو دەیەوێت هەرچەنێک بێت لەسەر دەستی خۆی دەوڵەتەکە ڕابگەیەنێ. ئەم ویستە پێوەندی بە مێنتاڵێتی خەڵکی و پیاوسالاری (پاتریارکی)یانەی بارزانییەوە هەیە، ئەو وەک پیاوەک،

وەک سەرەک خێڵەکی دیاوە ئەم شەرفە بە ئەو بەخشرا، ئەوجا بە بارزانییەکان بڵێت. ئەم مەنتاقەتییە پتر لەسەر هەست و سۆز ئیش دەکات، بۆیە بارزانی پتر بە شەوێکی سۆزەکی باس لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دەکات، نەک لە بۆیارێکی هۆشەکی دروستوو بئاخڤێت. لەبەرئەوە بارزانی پتر جەخت لەسەر ڕاگەیاندنەکە دەکات، ئاخر بە ئەو دوای ڕاگەیاندنەکە هەرچیەک ڕووبدات گرنگ نییە.

کورد ئەم تەوانینەی لە لا دروستبووە، گوایە کۆشش، نەهامەتی و هەژندەکانی بەهەی بەدەوڵەتییەوەیە. بۆیە کورد ئەگەر دەوڵەتی هەبوایە ئەوا زۆرینەی کۆشکانی چارسەردەبوون و ڕووبەڕووی ئەو هەموو هەژند و جینسایدش نەدەبووەوە، ئەمە تەنگە بەشکی ڕاست بێت. ئەستاش هەمان بۆچوون هەیە و دیاوە سەرجەم کۆشکان، قەیرانکان، کۆمایسییەکان، گەندەڵییەکان و ناکۆکییەکان بە بە چارسەر هەڵبگرێت تاکو دوای ڕیفراندەم و سەربەخۆیی، ئەمە تەوانینکی کۆشئامێز، ئاخر تە بە بە چارسەری کۆشکان و یەکاڵاکردنەوەی ناکۆکییەکان ئەگەر سەربەخۆش بیت، لەرزەک دەبیت. هەروەها تە دوای سەربەخۆیی ڕووبەڕووی چەندین قەیران، کۆشەی ناوەکی و دەرەکی دەبیتەوە، بەم هەموو کۆشیاوە چۆن دەتوانیت بەرگەبگریت و سەربەخۆبیت. بۆیە دەبێت لایەنی کەم زۆرینەی کۆشە و قەیرانکان بەر لە ڕیفراندەم و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی چارسەربکرێن. ئەگینا تەمەنی کۆمارەکەی ئەم هەرەمەش لە کۆمارەکەی مەهاباد زیاتر نابێت.

کۆشەی حیزبی کوردی ئەوەیە پتر ئیشی لەسەر حیزباندنی کۆمەڵگەی کوردی کردووە، لەبری ئەوەی وەڵنای دەوڵەت، خەونی دەوڵەت، ئەزمەندی و خۆشویستی بە دەوڵەت لە لای تاکەکان دروست بکات. هەروەها ترس لە زەبری دەوڵەت، تەگەیشتن و ڕانینی دژە دەوڵەتی، دژە دامەزراوەیی، دژە حوکوومەت و دژە موکی گشتی لەنەو تاکەکاندا چارسەر بکات، لە لایەکی دیکەشەوە لە گرێی بەدەوڵەتی دەربازیان بکات و بە پراکتیک ئیش لەسەر بونیادنان و دروستکردنی دەوڵەت بکات. کورد بەهەی داگیرکردنی لە لایەن دەوڵەتکانەوە و دابەشکردنی بەسەر چوار دەوڵەت-نەتەوەی پاشکۆلنیالیزم بووە بە بوونەوەرێکی دژە دەوڵەت، دژە، حوکوومەت، دژە دامەزراوە و دژە سیستەم؛ بەڵام حیزبی کوردی، دەستاتی کوردی ئیشی لەسەر کاکردنەوەی ئەم تەگەیشتنە نەکردووە و هەوڵی نەداوە کورد لەگەڵ دەوڵەت ئاشت بکاتەوە بەڵکو پیشاندانی نموونەیکی جوانی حوکوومانی کوردی، بەڵکو ئەم ڕک و کینە و دژەتییەی زیاتر کردووە و تەختر کردەتەوە، چونکە نموونەیکی

جیاواز لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی پشکنش نەکردووە، بەڵکو پتر لاسایی ئەوانی کردۆتەوە و وەک مەدەل لێی هەڵدانیون. ئاخر حیزبی کوردی نازانێت سیاسەت بکات، خەی ئایدیای سەربەخۆیی و دەوڵەتداری نییە، بۆیە پتر لە ٢٥ ساڵە هیچ بناغەیەکی دەوڵەتیان دروست نەکردووە، ئەو ژێرخانەی هەبوو ئەویشیان وێران و تاڵانکردووە. ئەمە زۆر ئاسانییە تۆ ماوەی پتر لە ٢٥ ساڵ هیچ ئیشکەت بۆ بونیادنانی دەوڵەت نەکردبێت، پێت وابووبێ خەونی شاعیرانەیە! ئەستاش لەپێ بێیت بانگەشە بکەیت و بڵێی دەوڵەت هادگەیەنم! بەئاگا لەوەی کە دەوڵەت دروست دەکرێت، بونیاد دەنرێت، دادەمزرێنرێت، ئەوجا هادگەیەندرێت.
لە کۆتاییدا، کورد بۆر لەوەی هیفراندەم بکات و سەربەخۆیی هابگەیەنێت! دەبێت ئەم دیلەمایە چارەسەر بکات. واتا لە لایەکەوە، دەبێت خەی لە زەبر و ستەمی دەوڵەت دەرباز بکات و لە لایەکی دیکەشەوە، خەی لە گرێی بەدەوڵەتی ڕزگار بکات.

هەوەستی کۆمۆنیستی سەبارەت بە جای هیفراندەمی پارتی و دەوڵەتی کوردی! ... بەشی یەکەم ... سامان کەریم

کاتێک کەسێک دەیەوێت لێکدانەوەیەک بکات سەبارەت بە هەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی، تیۆری مارکسیستی ناچاری دەکات، بۆچوونەکانی ئەو بابەتە "قەزیە" لە نەو چوارچێوەی مێژوویەکی دیاریکراو دابنێ. هەروەها ئەگەر بابەتێک پەیوەندی بە یەک ووڵاتەوە هەبێت ئەوە مەرجی بە دادنێت (بۆنمونە سەبارەت بە بەرنامەی نەتەوەیی لەو ووڵاتەدا) کە تایبەتمەندییە کۆنکرێتە جیاوازەکانی ئەو ووڵاتە جیادەکاتەوە لەوانی دیکە لە بەرچاو بگرێت، لە چوارچێوەی قەناغیکی دیاریکراوی مێژویدا. (لینین/ مافی نەتەوەکان بە دیاریکردنی چارەنوسیان/ بژاردەکان بەرگی پێنجەم-ل ١٥١- دوا هێڵی تەئکید هی منە).

بەڵام زۆرتر لە ئەمە، خودی جیهانی ماددي و واقعییەتی مرۆڤایەتی گرانی بەسەردا هاتووە. مەبەستم ووداوەکانی دەورانی ئەزمە و دواتریش لەبەریەك هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات و دنیای دوای جەنگی سارد. ئەگەر ووردبینانە وەرچەرخاندنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی پشوو بەلای غەرب و مۆدیلی بازاڕ لە ساڵانی یەکەمی دەستپێکردنی ئەزمەی ڕۆژهەڵاتیش دا فەراموش بکەین (چونکە هەرچي چونك بێت هەوتی ئەمە لە خشباوەییەکانی چەپی تەقلیدیی سەبارەت بە پشکەوتنخوازی ناسیۆنالیزمی جیهان سێیەمي و ناسیۆنالیزمی کەمینە میللییەکاندا شەریك نەبووە)، بزووتنەوە جودایيخوازەکان و دواتریش جەنگی ڕۆژهەڵات و کۆمۆکوژییەکانی "میللەت"ە هەوسار پچریوەکان لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و مەرکەزیدا، بەڵاستی خواستی میللي و جیاخوازیی تەنانەت لەبەرچاوی کەسانێك کە لە لەلانی کەمی ئینسانێ دڵستی بەهرەمەندن، بێنرخ و زەرجاریش بێزراو کردووە. هەمووان دەتوانن ببینن کە چۆن ناسیونالیزم تەرجومەی ماددی خۆی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکانێ و "پاکسازییە قەومییەکانێ" و کووڕەکانی ئینسان سووتاندندا پەیدا دەکات و، چون نەتەنها خواستی میللی بەڵکو تەنانەت خودی مەقولەی میللەت و ناسنامەی میللیش لە زەر حاڵتدا ناڕەسەنێ و دەسکردی ئەوساتێکی سیاسی دیاریکراوە. (مانسور حیکمەت/میللەتێو ناسیونالیزمێو بەرنامەی کومونیزمی کریکاری- بەشی یەکەم/ هەڵی تەئکیدکان هی منێ).

کورتەیەکی پێویست سەبارەت بە ڕیفراندەمی پارتی

ڕیفراندەم میکانیزمی بردنە پێشەوەی سیاسەتێکی دیاریکراوێ و مافێکی دیاریکراوی هاووڵاتیان یان دانیشتوانێ. خواستی چونێ دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا، یان خواستی گۆڕینی دراوی ووڵاتێکی ئەوروپی بە ئەرێ، خواستی دەنگدان لەسەر جیابونەوەی ئوسکوتلەندا لە بەریتانیا، کیوپیک لە کەنەدا... نمونێ زۆرن. بەڵام لەم سیاسەتەی پارتی دیموکراتی کوردوستان بە سەرکایەتی بارزانی، ڕیفراندەم خۆی سیاسەتێ. یەکێک لە کەسپ و تەنگژەکانی ئەم سیاسەتەی بارزانی ئەوەیە کە ڕیفراندەم هەر خۆی کراوەتە سیاسەتێک. بەجیا لە ڕاگەیاندنەکانی پێشووی ئەندامانی مەکتەب سیاسی پارتی کە باسی سەرکیان "کار نەکردن بەئەنجامی ریفراندەم" بوو، وە دوای ئەوە چاوپێکەوتنی بارزانی لە گۆڤاری فەرین پۆلیسی دا، کە ڕۆشنە وەڵام بە ڕەخنەکان دەداتەوە بۆشەوێکی ناڕاستەوخۆ بەڵام شتێکی تازەی تێدا نیە.
باسی ڕیفراندەم ئەگەر کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تێدا

دیارینەکرێت، هیچ مانایەکی نیە لەم ڕیفراندەمدا. واتە ماوەی شەش مانگ یان ئەو پێنجی ساڵەک. واتە پەیوستە لەماوەی شەش مانگ یان ساڵەکدا سەربەخۆیی ڕابگەیەنرێت. ئەگەر نا ئیتر ئەوە ڕیفراندەم نیە، بەڵکو ڕیفراندەمکە وەک هەنگاو و کارتێکی سیاسی بەدەست بارزانی و پارتی یەوە. بەم مانایەش هەنگاوێکی سیاسی زیرەکانەی بارزانی یە بۆ قۆرغکردنی مافی دانیشتوانی کوردوستان. باسی ئەم ڕیفراندەمە دیاریکراوە لە پایەیەکی سەرەکیدا، باسی پارتی و بارزانی و مێژووی ئەم هەزیە، هەر لایەن و هێزێک مێژووی ئەم هەزە و سیاسەت و پراتیکی وەک هێزێکی بورژوایی کورد لە بەرچاو نەگرێت هەڵەیەکی گەورە دەکات، لە بەرانبەر زەربەی هەرەزاری خەڵکی کوردوستاندا. لەم بارەوە پێدەچێت تەنانەت لە نەو خەڵک و لە نەو هەزە بورژوایەکان و ژمارەیەکی دیار لە ڕۆشنبیران و نوسەرانی ناسیونالیست... ئەم لێکدانەوەیە لە بەرچاو گیرابێت، هەر بەیە دەبینین ناڕەزایەتیەکی فراوان هەیە بە ڕووی ئەم شەوازە لە ڕیفراندەمی پارتی دا.

بەم پێیە ئەگەر تەنها هەیەک هەر ئەوە بێت، واتە ڕابەریکردنی پارتی بۆئەم پڕۆسەیە و بەم شیوازەی ئێستای، بەدەست هەر ئینسانێکی نەک ئازادیخوازو پێشکوتوخوازەوە بەڵکو بەدەست هەر ئۆپوزیسیونێکی پارتیشەوە، بۆ بەوای من ئەوە پایەیەکی هەجگار بەهێزە کە هەر ئینسانێک چەند جار بیر بکاتەوەو توشی تەڕامان بێت ئینجا بڕیار بدات. ئەمە بابەتێکی ئەبژێکتیڤو مێژووی ئەم هەزو بزووتنەوە و سەرکردەیە نیشانی داوە. لە بەشی دووەمدا لەسەر ئەم پێنتە زیاتر باس دەکەین.
لە ڕوانگەی منەوە تا ئەوکاتەی کە ماوەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت دیارینەکرێت، ڕیفراندەمێک بوونی نیە. ئەگەر ١٠٠ دانە ڕیفراندەمیش بێت و بچێت. ڕیفراندەمێک لە گەرە نیە، چونکە ئامانجێک بوونی نیە. بزووتنەوەی کوردایەتی و بارزانی و ڕابەری ئەم بزووتنەوەیە، هوشیارانە خەڵکی کوردوستانیان بارهێناوە. ووردبینانە، مامەڵە لەگەڵ خەڵکێک دەکەن کە دەزانن تاکوە پێ ئادەکەشێت. سیاسەتێک کە ناوەرۆکەکەی بریتی یە یان ٢٧ ساڵە بریتی بووە لە لابردنی سەرنجی خەڵک لەسەر مەسەلە و کێشە سەرەکیەکانی خەڵک ئەوەی تشەمسکی پێی دەڵێت " الالهاء" واتە سەرنج لابردنی خەڵک لەسەر کێشەو گرفتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا و بەکارهێنانی ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی گونجاو بۆ پێکانی ئەم ئاراستەیە. ریفراندەم بونی نیە بەڵام ناویان ناوە ریفراندەم. ناویان ناوە ڕیفراندەم، چونکە ڕیفراندەم خێشناوە، لایەنی کەم بۆتە خێشناو و هێندە هێز بە

کەفوکۆی شۆشگیرانەش دەیازنانەوە. بەڵام ڕیفراندەم بەیە خۆشناوە لە کوردوستان چونکە خەڵکەکەی بەمانای جیابونەوەی کوردوستان دەیبینن. کاتێک کە ئەم ئامانجە جێبەجێنکرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا-٦مانگ تا یەک ساڵ. ئەوا ڕیفراندەمێک ناکرێت بەکو سیاسەتی گەوجکردنی خەڵک پیادە دەکرێت. پراتیکردنی ئەنجامی ڕیفراندەم ئاستەوخێیە و وەک شەراب هەڵناگیرێت تا خۆشترو باشتر بێت.

لایەنگری دیکەی ئەویە کە ڕیفراندەم وەک میکانیزمێک هەمیشە بە بابەتە گرینگە چارەنوسسازەکان بکارهێنراوە کە ناکرێت یان دەسەڵاتداران پێیان باش نیە کە لە ڕێگای یاسا و ڕێسا و دەستورەوە لە پەرلەمان یان لە لایەن حکومەتەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، دەیانەوێت مەری گشتگیرییەکی کەمایەتی گەورەی لە بەدەن. بەم مانایەش ڕیفراندەم بە کایە کردن نیە بە خواست و داواکاری خەڵکەوە. دەبێت ڕێگا لەم جۆرە سیاسەت و پرۆژە سیاسی یە بگیرێت کە دەیەوێت بابەتێکی وا هەستیار بکاتە وەرەقەی سیاسی دانوسان و چەپاندن و گەوجکردنی خەڵک.
خەڵکی کوردوستان موچڕیان نیە، کارەبایان نیە، خزمەتگوزاریان نیە، زەمانی کاریان نیەو لەسەر کار دانامەزرێن و خاوەن بەوانامەکانی زانکۆو پەیمانگاکان زۆربەی هەرە زۆریان بێکارن، هەڵگوشین و کێشەکەی سەرمایە بە هەندێک بەپرس و ملیاردێری دەوروبەری سەرکردایەتی بورژوایی کورد بردەوامە. خەڵک بە ئەوەی بژی کەلوپەلی ناومان دەفرۆشێت. دووبارە گەڕانەوە بە دەرەوەی ووڵات بە شەوێکی فراوان ماوەی دووساڵ دەستپێکردەوە. ژێر بژێر لەژیر ناوی چاکسازیداب"کە وەرانکاریە بە خەڵک" زۆربەی کەرتەکانی خزمەتگوزاری کراوەتە پریڤایت " پریڤاتیزەیشن": کارەبا، خەستەخانە و کەرتی تەندروستی، خوێندن و خوێندنی باڵا... خ کەس ئاگاداری کەرتی نەوت و گرێبەستەکانی نیە کە چۆن و بەپێ کام بناغەیە گرێدراوە، ئەمە بەجیا لە کەسپەکانی وەک ناوچە کوردنشینەکانی: کەرکوک و خانەقین .. بەجیا لە شاری دژی داعش و کۆژرانی ڕۆژانەی جگەر گۆشەکانی خەڵک...جگە لەوانەش کێبڕکێ و کەسپەکانی نێو حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و هەروەها هەواسینی پەرلەمانی کوردایەتی و ماوە بەسەرچوونی سەرکایەتی بارزانی و چەندین کێشەی دیکە. ریفراندەم یان سیاسەتی پیادەکردنی ریفراندەم ، سیاسەتی سەرنج لابرنە لەسەر ئەم کێشانە و شاردنەوەیەتی لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە بارزانی دەتوانێت وەک وەرەقەیەکی جەکار لە هەر کات و هەلومەرجێکی سیاسی دا بەرانبەر بە خەڵکی کوردوستان و هەڕ

موخالیفەکانی و حکومەتی بەغداو هێزە ئیسلامی و قەومیە عەرەبیەکان بەکاریبهێنێت. ئەوانە ئامانجی سەرەکین. ئەوتا نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردوستان لە تورکیا بەهەڕز گوتاری کە حزبەکەی هاوبەشی پارتی یە لەم جادەدا دەڵێت "بە تورکیایان ووتوە ئیفراندەم بە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان و جیابوونەوە لە عەراق و گۆڕانەوەی کەرکوك و شوێنە جێ ناکۆکان نی یە، بە پێچەوانەی ئەوەی وەک کارتێك بە گفتوگۆ لە بەرانبەر بەغدا بەکاری بێنین." (چاوپێکەوتنی بەهەڕز گوتاری لەگەڵ پەگەی سپی میدیا/ ٢٥.٦.٢٠١٧/ تێکیدەکە هی منە). سیاسەتی ئیفراندەم ، ئیفراندەم نیە. تە ناتوانیت تەپی پە بکەیت و گۆڕ بکەیت، بەڵام نەتوانیت ئەنجامەکەی ڕابگەیەنیت کە براوەیت. یان دەرابیت وشەهامەتی ئەوەت نەبێت کە دەڵانەکەت ڕابگەیەنیت. ئەوە ئیتر تەپی پە نیە.

ئەو ئیفراندەمەی پارتی و یەکیتی ، ئیفراندوم نیە وبەقەکە زوو دەتەقێت. بەڵام وەرەقەی بەرزکردنەوەی کەسایەتی بارزانیە تا ئاستی سەرکردەی "ڕزگاریبەخشی" خەڵکی کوردوستان ولایەنی کەم لەئاستی بزووتنەوەی کوردایەتی دا. ئەمە پێنتەکی گەورەی پیادەکردنی ئەم ئیفراندەمەیە، بەتایبەت کە قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە ئیتر بارزانی خۆی هەڵنابژێرێتەوە. بەڵام بە پارتی و یەکێتی بە جیا لەم پێنتە خاڵەکی دیکەی گرینگ ئەوەیە کە وەرەقەیەکی گرینگی هەڵبژاردنی داهاتوویانە. ئەوان وەک دوو هێزی سەرەکی دەسەڵاتدار لەماوەی ٤ ساڵی ڕابوودوودا: خەڵکیان هێزارکردووە، هێزاری زیادیکردووە، موچەیان کردووە بە یەک لەسەر سێ، بەکاری گەیشتۆتە ئاستەکی ترسناک، گەندەڵی زیادیکردووە و کارەبایان کەمیکردووە... بۆیە ڕەفراندەم بە دەنگدانیش سوودی گەورەی دەبێت بە ئەم دووهێزە. یەکێتی و پارتی باشدەزانن کە دەوڵەتانی دونیا وەک ئەڵمانیا و ڕوسیا و تورکیا و ئێران و عەراق و تەنانەت ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش، ئاگاداریان کردوون کە لەگەڵ "یەکپارچەیی خاکی عەراقدان". ئەمریکا بە هەڵسمی ٢٤حوزەیران لە ڕێگای تیلەرسونەوە ڕایگەیاند کە لەگەڵ ئیفراندەم نین. ئەو قەناغەی کە لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکی دا بوارێک هەبوو بە دەوڵەتی کوردی کە مەسعود بارزانی هەوڵی بۆدا بەسەرچووە و کاتی نەماوە. کاکە درەنگ فریا کەوت!!. بەڵام لە ڕواڵەتی منەوە پارتی لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکی دا سیاسەتی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی هەبووە و ئێستاش پەلەقاژی بە دەکات. هەڵوێست لەسەر ئەم باسە لە بەشی دووەمدا دێت.

ئەگەر ئەو ڕاستیەک بێت، ڕاستیەکی دیکە ئەوەیە کە هەموو کەس بارزانی و پارتی دەناسە و دەزانی کە بەبێ ئەمریکا و تورکیاو … ناتوانێت بەیارمەتی وا بدات…مەگەر مژوو درێ دەکات. یان مەگەر پارتی و بارزانی ئاڕاستەی سیاسیان گۆڕیوە بۆ لایەکی دیکە. بەڵام هیچ لایەکی دیکەی زلهێز ڕیفراندەمی قبوڵ نەکردووە. پارتی وەک هێزێکی بورژوایی و نوێنەری سەرسەختی بازاڕ و نیولیبەڕال، ناتوانێت وەڵای نیە کە بڕیارێکی سەربەخۆی لەم چەشنە دەربکات، بە تایبەت لە هەلومەرجی ئینتقالی ئەمڕۆدا… ئەمە ئەگەر واز لە ناسینی پارتی و مژووی ئەم هێزە بهێنین.
خەڵکی کوردوستان، پێویستە بەشداری ئەم یاریە نەکەن، وە هوشیارانە ڕووبەڕووی ئەم سیاسەتە ببنەوە و لەمبارەوە لە هەلومەرجی ئێستادا، ئەگەر دڵیانەوێت ڕیفراندەمێک بکرێت کە ڕیفراندەمی خۆیان بێت و ئەنجامەکەی بەپێی دەنگی ئەوان بێت و نەکرێتە وەرقەیەکی سیاسی بۆ بەند و بەست و سازانی ژێر بڕۆی سیاسی ئەوا پێویستە: لەم ریفراندەمەدا بە مەرجەوە بەشداری بکەن، مەرجێکی ڕوشن ئەویش ئەوەیە کە: لە فەرمی دەنگداندا خاڵێک زیاد بکرێت بەم شێوەیە: دەست بەجێ ئەنجامی ڕیفراندەمەکە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەنجامی ڕیفراندەم هەر چیەک بێت، ئەوە لەماوەی ٦-١٢ مانگدا ئادگەیەنرێت. واتە ئەگەر خاڵێک دەنگیان دا بە جیابوونەوە لە عێراق ئەوە لەو ماوەیەدا سەربەخۆیی و دەوڵەت لە کوردوستان ئادگەیەنرێت.

ئەم خاڵەی سەرەوە مەرجە. ئەگەرچی بە ڕیفراندەم مەرج دانانرێت، بەڵام ئەو مەرجە سیاسەتی پارتی سپاندویەتی بەسەر خەڵکدا. خۆیان خەڵکیان ناچار کردوە کە مەرج دابنێن. خۆیان بە ئاشکرا بە خەڵک دەڵێن: خەڵکینە گاڵتەتان پێدەکەین. ئەگەر نا لە کۆی دونیا ڕیفراندەمێک کراوە بە خەڵکەکەش وتراوە وەرن دەنگ بدەن بەڵام کار بە ئەنجامەکەی ناکەین، یان مەرج نیە کار بە ئەنجامەکەی بکەین. بەڵێ دانانی مەرجێکی ئاوەها بە ئەم ڕیفراندەمەی پارتی پێویستە. بەبێ مسۆگەر کردنی ئەم مەرجە هەر جۆرە دواکەوتنێکی ئەو ڕیفراندومە لە ژێر هەرناوەکدا بێت و لەسایەی هەر بڕیار و ئایدۆلۆژیا و سیاسەتێکدا بێت، ڕاستەوخۆ هوشیارانە یان ناهوشیارانە دەبێتە سیاسەتی دواکەوتنی پارتی. سیاسەتی پێدانی وەرقەیەکی ئیمزاکراوە بە بارزانی و پارتی کە بەئاڕەزووی خۆیان و هەرکاتێک بیانەوێت کایەی سیاسی و بەند و بەست بە دەنگی خەڵکەوە بکەن. هەر هێزێک بە ئەو مەرجە دوای ریفراندەمی پارتی بکەوێت ئەوە بەرپرس دەبێت بەرانبەر بەخەڵکی کوردوستان. دواکەوتنی پارتی بەبێ

ئەو مەرجە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کەسانەی ئەو هێزە، هەلومەرجی دیاریکراو و مێژووی دیاریکراوی بەهیچ شێوەیەک لەبەرچاو نەگرتووە. وەرقەیەکی داواتە دەست پارتی و ئەویش بەپێی سیاستی خۆی بەکاریدەهێنیت.

کاراکردنەوەی پەرلەمان و ئەو قسەو قسەلۆکانەی کە لایەن نوسەران و هەندێک سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی یەوە باسدەکرێت لە سەر ڕێکخستنی نەو مافی کورد هیچ پەیوەندیەکی نیە بە خواستی خەڵکەوە. ئەوان ڕێک بوون، وە مافەکەیان زەر ڕێکخراوبوو، هەر لەو کاتەدا موچە قرتکرا، هەرئەوکاتیش کارەبا نەبوو، گەندەڵی لەو پەڕی دابوو ... ڕێکخستنی نەو مافی کورد مانای دابەشکردنی سەروت و سامانی کەرکوکبووە لە نەو حزبەکاندا بە ئەوەی کەسیان زویر نەبن، وەک هەلومەرجی ئێستا. هەموو پێکەوە بیخەن و خەڵکیش بە موچە و بە کارەبا و بەکار بێت و لەشاری داعش یشدا ڕزگاکانیان بکوژرێن. خەڵکی کوردوستان ئاگەر دەیەوێت نەکەوێتە نەوان بەرداشی پارتی و یەکێتی یەوە وە ئاگەر دەیەوێت ریفراندەمکی گشتی و ئازاد بکات و هەروەها لایەنی کەمی خواستەکانی دابین بکات، چارەکی دیکەی نیە جگە لە هاتنە مەیدانی وەک هیزێکی سەربەخۆی سیاسی و دابینکردنی ئەو مەرجەی سەرەوە لەم ڕیفراندەمەدا. لە ڕوانگەی منەوە ئاگەر ئەم مەرجە ببێتە مەسەلەیەکی کەمایەتی گەورە، ئەوە پارتی واز لە ڕیفراندەمکەی دەهێنێت.

لەسەر پایەی بە باوەڕی بە پارتی، ڕێفراندەم کراوەتە باسکی سیاسی گەورەی ئەمەی نەو کەمەگای کوردوستان. ئەمە پەیتەکە مانای گەورەی سیاسی هەیە بە هەموو هێزە سیاسیەکان، هەموو ئەو هێزە سیاسیانەی خۆیان بە بەرپرس دەزانن سەبارەت بە چارەنوسی سیاسی ئایندەی خەڵکی کوردوستان. ئەم پەیتە، بە باوەڕیە بە پارتی دیموکراتی کوردوستان و سەرکردەکەی. ئەم بارە زادەی بیرکەی ئەم کەس و ئەو نووسەر و ئەو هێزی سیاسی نیە، بەڵکو مێژووی سیاسی ئەم هێزە و سەرکردەکایەتی سەبارەت بە خەڵکی کوردوستان. بۆیە بۆجیا لەوەی کە لە هەلومەرجی ئێستادا چەن بیر دەکەینەوە سەبارەت بە سەربەخۆی و پێکهێنانی دەوڵەت لە کوردوستان دا، پێویستە لەسەر هەرکەسێک وە هەر هیزێکی سیاسی لە کوردوستاندا، ئاگاداری ئەم ڕیفراندەمە بێت و خۆی نەخاتە دووی پارتی و لایەنی کەمی ئەوە مسۆگەر بکات کە دەنگەکەی یان دەنگی خەڵک ناکرێتە وەرقەی سیاسی بە دەستی پارتی و بارزانی یەوە. بە ئەوەش ئەو مەرجەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا هەجگار پێویستە.

بەشی دووەمی ئەم باسە باسی دەوڵەتە لەکوردوستان. دەوڵەتێک کە ئەگەر پێک بێت لە سایەی ئیفراندەمی پارتی دا دەوڵەتی بزووتنەوەی کوردایەتی دەبێت بە ئابڕی پارتی، دەوڵەتی بارزانی دەبێت. لە هەلومەرجی ئەمڕدا گومانێک لەمە نیە، وە هەر کەس و لایەنێک گومانی لەمە هەبێت یان لە دڕاوەی مژوو دژی یا بڕژەوەندی هەیە لەگەڵ پارتیدا. بەڵام ئەم دەوڵەتە چۆن وە لەسایەی چ هەلومەرجێکی سیاسی جیهانی وناوچەیی و لەکۆلی عێراق و کوردوستاندا پێکدیت؟! کواتە باسی کۆنکرێتی ئەمە بە دەوڵەت ئاوایە لە کام هەلومەرجی سیاسی دیاریکراو لە باری مژوویەوە ئەم دەوڵەتە پێکدێت؟! ئایا بە شاوایەکی کۆنکرێت لەم هەلومەرجەدا "هەلومەرجی ئینتقالی مژووی" جیابوونەوەی کوردوستان و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی بەئابڕی بارزانی بەقازانجی چینایەتی کرێکار و خەباتی ڕزگاریخوازانەی لەئاستی ئینتەرناسیونالی و لەکەیدا دشکێتەوە؟! واتە دەبێتە هەی یەکگرتوویی و یەکەیزی زیاتری ئەم چینە لە ئاستی عێراق و ناوچەکەدا؟! یان هەلومەرجی خەباتکارانە و ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار باشتر دەکات لە ئاستی عێراق و کوردوستاندا؟! یان کێشەو ململانێی نەتاوەیی بنبە دەکات و لە کۆ ئەم کێشەیە دەبینەوە؟! وە ئایا ئاراستەی مژووی سەرمایەداری سەبارەت بە "مافی چارەنوسی نەتاوەکان" و بەتایبەت باسی دیاریکراوی ئەمە لەسەر کوردوستانی عێراق، لەسەردەمی گلۆبال و تێربوونی سەرمایە و لەم هەلومەرجە ئینتقالی یەدا چی بەسەر دێت؟! ئایا ئاوگرەکانی چارەکسەدی ئابووردوو چیمان پیدێت لەمبارەوە؟! وەئامی ئەمانەو گەلێک پرسیاری دیکە لە بەشی دووەمی ئەم باسەدا دەخوێنینەوە.

٢٦. حوزەیران.٢٠١٧
saman.karim5@gmail.com

هەشتەبیری گەندەڵ ..... محەمەد تەها حوسێن

ئەوە هەر بەناو حزب و ڕێکخراوە ناسیاسیەکان نین ئاومێدی لەم کەمەگەیەی ئەمەدا بەرهەم دێنن، بەقەد ئەوەی ئەوەندە و بگرە

زۆرتریشمان ناڕۆشنبیر هەن کاری بنچینەییان بۆاوکردنەوەی بۆئومێدی و هەشبینکردنی تاکەکانە لە کۆمەڵگەدا، کە من ناویان لێنانێم(کاڵکە ڕۆشنبیر) چون (کاڵك) لە بنچینەدا دارکی بەرداری لاو و پڕ ژیان و جولە بووە.

ئێمە لەسەر هەموو ئاستێك دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێ و تەنانەت دانیش بەوە دابنێین کە گەندەڵی نەك هەر کایەی ئابووری و سیاسی ئەم سەرزەمینەی ئێمەی گرتۆتەوە، بەڵکو کایەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و پەروەردەیی و ئەخلاقیشمان کلۆر یا باشتر وایە بڵێین بۆگەن بووە بە گەندەڵیەوە و من لای خۆمەوە بڕزم دەبۆتەوە و پشمواید کەمترین ڕایەڵەی پەیوەندی هەن بە سیاسیەکانی ئەم هەرێمەوە بمبەستنەوە کە من تا ئێستا لێم ونن .

کە یەکێك تووشی دەردێك دەبێ و پڕیەوە دیار دەبێ و لای کەسانی تریش دەیدرکێنێ، مانای ئەوەیە ناڵە ناڵیەتی و گیرۆدەیە بە دەستیەوە و ئاواتی ئەوە دەخوازێ هەرچی زووە لێی ڕزگار بێ و ئەم شعورەشی پەیوەستە بە پەیبردن بە جەستە و ڕۆزگرتنیەوە.
کە یەکێك کێشەیەك یا نەخۆشیەکی دەروونی یەخەی دەگرێ و هەست دەکا وەك جاران نەماوە و هەفتاری هاوسەنگ نیە، کە درکاندی و هەوڵی دا ئەو بەڵایەی لەکۆڵ بۆتەوە، ئەوا ئەو کەسە وریا و هوشیارە بە خۆیی و ئاستی زیان و قورسایی کێشەکە دەزانێ ، هەر بۆیە چەندین هەنگاو لە چارەسەر نزیکتر دەبۆتەوە. بەڵام کە سوور بوو لەسەر ئەوەی نەخۆش نیە و هیچ کێشەیەکی لەو جۆرەی نیە، ئەوا چارەسەری دوور دەکەوێتەوە و بێ ماوەیەکی درێژ و هەنگە تا مردن قڵناغەکانی کێشە و نەخۆشیەکەی سەختر بن و خۆیی و دەوروبەرەکەشی تووشی بەڵا بکا و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو کەسە پەی بە دەروونی خۆی نەبردووە و Self Perception ی یا self awareness ی واتە(پەیبردن بە خود) ی لە ئاستێکی هەرە نزمدایە.

کۆمەڵگەی ئێمە هەم جەستە و هەمیش دەروونی نەخۆشە، هەردووکیانی لە بارێکی گەندەڵ و پەککەوتوویدایە، بەڵام تا ئەو ئاستە نیە کەوتبێت و ئیدی تا ئەبەد هەڵنەستێتەوە.
تا ئەو ئاستە نیە گۆشەگیر بووبێت و نەکەوێتە ژێر باری چارەسەر و ئومێدی بە چاکبوونەوە بڕابێ و هەر هەوڵێك بێ دەربازبوون هەتکاتەوە. ئومێد بڕان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە شکستهێنان لە دژینەوەی مانا بێ ژیان و دژینەوەی ڕۆگە چارەی گونجاو بێ کێشە و قەیرانە هەمەجۆرەکان، بەڵام لە ڕوانگەی خوێندنەوە عەقلانی و زانستیە هەمە لایەنەکانەوە.

هەموو لایەکمان بە تاك و گرووپ و حزبی و ناحزبییەوە قسە لەسەر نەخۆشی و تلانەوەی کۆمەڵگە بەدەست گەندەڵییەوە دەکەین و بەشێکی زۆریش کە لە بنچینەدا هوشیارن بەو نەخۆشیە و پێشبینی مەترسی و دەرەنجامەکانی دەکەن و هیواخوازن تا ئادەیەکی باش ساغ بینەوە و بچینەوە ئاستێکی ماقول لە دڕووستی جەستەیی و دەرووونی، ئەو بەشە لە کەسە هوشیارەکان پێیانوایە ئومێد لە نێو ئەم بەسەروبەریەدا هەر دەبێ چەکەرە بکاتەوە و لە ئاستیشدا کاری سەرەکی و ئینسانیی ڕۆشنبیری ئاستگۆ و پاك و هاوسەنگ هاوسەنگیە لە قسەکردن لەسەر گەندەڵی هەمەلایەنە و دواتر بەشداربوونی لە دۆزینەوەی دەرچە عەقلانیەکان جا بە هەر شێوەیەك بێ لە بەشداریکردن، دوای ئەوە ڕۆشنبیری حەقگۆ و حەقنووس هیچ کاتێك وەك سیاسیەکانمان دەسەڵاتی خۆی خراپ بەکارنابا و نایخاتە خزمەت بەرژەوەندیە خودیەکانی خۆیەوە نەوەکا وەك ئەوان بخزێتە نێو عوساب و هەوەس و توخمەی چڕبازیەوە.

ئەو هەوەسبازە عوسابیانە هەر لە بنچینەوە (بوونەوەری نێو زڕابەکان*)ن و خۆشیان لەو جۆرە قەڵەو بوونە بە نەخۆشی دێ کە سەرەنجام چنیان دەست کەووتووە ئاوا بە سانایی لەدەستی دەدەن، ئەم جۆرە لە گەندەڵە، زیندەوەر بەڵێ زیندەوەری سەر لاشە مردووەکان و کەلاکە تاقەت لێبڕاوەکانن و وەك کرم و قاڵچە و سیسرکە و دەعبای سەیر سەیر ژیانیان تەنها لەسەر بڕن و بەرامی گەندەڵیە و هەرگیز نایانەوێ بچنە ژێر باری هەر سیستمێکەوە و پاشان بە کردار و گوفتاری خۆیان ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە نائومێد کردن و نائومێد هێشتنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان.
با چیدی وێنەکە ناشیرین نەکەم، نەیشۆنم و بڵێمەوە سەر بابەتی (نائومێدکردن) و ڕۆڵی کەسانێکی زۆر لەوانەی تەنها عینوانی ڕۆشنبیریان لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان وەرگرتووە و قەوارەی بەشداریان لە گۆڕانکاریە کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمیەکان هیچ شایەدیەکی لەم جۆریان بۆ نادا، چون لە بنچینەدا لە نێو خۆیاندا قەوارەیان نەگرتووە و ئەوان لە نێو قەوارەی حزب و گرووپ و کەسێتی دووەم و سێیەمی خۆیاندا دەدۆڕن.

گرووپگەلی ئەم هەرزە نووسەر و ڕۆشنبیرانە تەنها هاڕەنی قسە و سادە نووسین لەو بابەتە ئاشکرایانەدا دەدۆزنەوە کە بەڵگە نەویستن وەك گەندەڵی و دزی و خیانەت و ....تاد، ئەوان تەنها ئەوەی پێیەوە ماندوو دەبن ترش و خۆ کردنیانە و دواتر بە ئاراستەی نادیار ڕۆیشتن و بە ئاراستەی تاریکی و ئاراستەی ناشیرینی و ناڕۆکی ئەگەر

عەقڵکی پشکنەری ورد و خەمخۆر و پاك و بێگەردی لە پشت نەبێ ئەوا ئاسان لەسەر زەمینەی گەندەڵی و نالەباریدا دەخزێ و هەڵدەخلیسکێ و خلیسکانیش تا ئاستێکی زۆر کۆنتڕۆڵ لەدەست خاوەنەکەی دەباتە دەر.
بەناو ڕۆشنبیرەکانی ئێمە، هەڵبەت ئەوانەی هەمیشە خزیون و لە خلیسکانێکی بەردەوامدان وەك سیاسیەکانمان دنیایەك گرێ و گۆڕەی سایکۆلۆژیان هەیە و تا ئاستێکی زۆر پیادەی ڕۆچکەیەکی هەڵەی مومارەسەکردنی ئەرکی ڕۆشنبیری و دەسەڵاتی ڕۆشنبیرن و ئەوانیش بە جۆرێکی تر عوسابی و هەوەسبازن و چێژی بوون و بەردەوامیان لە نائومێد کردن و دیسانەوە نائومێد هێشتنەوەی کەسەکانە، چێژیان لەسەر گریاندنی خەڵك و کولاندنەوەی برینەکانیانە، چێژیان لە سازکردنیانە بۆ هێنانی ئەم خەڵکە عەوامە کولتوور گەندەڵە بۆ بەرەی خۆیان تاوەکو شەڕی بەرەکەی دیکەی گەندەڵیان پێبکەن و سەرەنجام ئەوان لەمبەر بەرزی دەکەنەوە و ئەمانیش لەم بەرە کەپسی دەکەن.
من پێموایە گەندەڵی نەخۆشیەکی ئەخلاقیە لە هەناوی کولتووری ئێمەدا خانەخوێی هەمیشەیی هەبووە و بووەتە نەخۆشیەکی درێژخایەنی ئەوتۆ کە هەمیشە بە چارەسەرە شك ئامێزەکان هێشیان خستوینەتەوە بەر. چارەی بە شك هەژاندوونی و بۆ ماوەیەك هاتووینەتەوە هۆش و ئەوەندەی نەبردووە کەوتووینەتەوە نێو باری بێهۆشیەوە.

ڕۆشنبیری جیددی بە هیچ شێوەیەك نابێ دەسەڵاتی ڕۆشنبیری خۆی تەنها بۆ باڵابوونی خۆی بەکاربێنێ و هەر کە گەیشتە ئەوەی ئەهریمەنەکەی ناوی لێ دەوێ ئیتر بحەسێتەوە و ئاخەی بکا. ڕۆشنبیر بەرهەمهێن و وەبەرهێنی ڕۆحی کۆمەڵگەکانی ئەم زەمەنی ئێستای تەکنۆلۆژیای مەعریفەیە و ناکرێ هۆشی لای سنووورەکانی گەندەڵبوونی خۆی و گەندەڵی بە گشتی ببڕێ، ئەو داهێنەری بەهاگەلێکە و هەمیشەش لە هەسووێ و داسووێی ئەم بەهایانە بە ئاگایە و ناهێڵێ بڕگەن بکەن و لە سنووورەکانی پیرۆزی و گەندەڵی نزیك بنەوە.

بڕچاوێنی بین لای خۆمان ئەوەندەمان کەسی سادە و سادەلەوح وەك ڕۆشنبیر ناساندوون وەك ژمارە لە زۆر گەورە وڵاتی دنیا زیاترمان لەو کەڵە مرۆڤانە هەن!!، ئەگەر بیانخەینە نێو کەشکی ئەزموونکردنەوە بۆا ناکەم بەقەد پەنجەی یەك دەستیان لێدەرچێ.
ڕۆشنبیری جیددی کەسکی زۆر ئاساییە، تەنها ئەوەندەیە هوشیارە لە سنووورەکانی پاکی و ناپاکی و باشیش دەزانێ بە چی دەبین بەو ئینسانانەی ژیان لە خۆشەویستی و پاکی و ئاستگرێیی و ئازادی و تاد یدا دەبینن. ڕۆشنبیر لە هیچ بڕگەیەکی زەمەندا نابێتە ....

ئایکۆنکی پیرۆز و بەدەر لە هەڵە، ئەو تەنها ئەوەندەیە وریایە لە خۆی و ئەو خودە گەورەترەی هەموومان بەیەکەوە بەشدارین لە بە زیندوو هێشتنەوەی کە کۆمەڵگەیە، ئەو وریایە لەو نەخۆشیانەی هێزمان لێدەبڕن و دامانەوەشێنن، هوشیارە لە هەموو ئەو قایرۆسانەی گەندەڵی ئەگەر قەلاچۆیان نەکەین قەلاچۆمان دەکەن.
ئەو ئیش لەسەر ساغ هێشتنەوەی عەقڵ دەکا بۆ ئەوەی هەمیشە کۆمەڵگە بە هوشیاریەکی عەقلانیانەوە بجوڵێ نەك لە ژێر کاریگەری هەڵچوون و سۆزدا.

ئەگەر ڕۆشنبیر گەندەڵ بوو سیاسیەکان و ئەهلی بازاڕ هیچ گلەییەکیان لێناکرێ چون لە بنچینەدا ئەوەش دەدزن کە ڕۆشنبیر هەیەتی و جگە لەوە چیتری نیە کە مەعریفەکەیەتی و وەك بیانوو و پەپ بۆ شاردنەوە و پێشینی کرێتی و گەندەڵیەکانیان بەکاری دێنن.
زۆر بوون لەو ڕۆشنبیرانەی لە مژوودا بوونە ڕۆنیشاندەری گەورە خوێنمژی گەورە و هزر و مەعریفەیان بووە چوارچێوەیەك بۆ فاشیزم و نازیزم و چەندین (یزم) ی تر.
زۆریشن لەو بەناو ڕۆشنبیرانە لای خۆمان کە تەنها دەنگن و دیبلۆماسیانە و دواتر فاشیانە دەم بە مایکی تەلەفزیۆنەکانەوە دەنێن و پیت و وشە کرچ و کاڵەکانیشیان لەسەر کاغەز و بە دیجیتاڵ دەنەخشێنن.
ئاخخخخخخخخ لەو ڕۆڕۆڕۆڕۆڕۆشنبیرانە
ئۆفففففففف لەو هزر گەنیوانە

_
ۆ لە سەر ریتمی ناونیشانی ڕۆمانکی برای بەڕێزم جەبار جەمال غەریبە.

ئۆتۆریتاریزم: چەمك و تایبەتمەندیەکانی... نووسینی:

زانکۆ یاری

ئۆتۆریتاریزم Autoritarianisme» » دەستە واژەیکە کە لە وشە ی فەرانسەوی «Autorite » واتا هێز و دەسەڵات گیراوە. 1))
ئۆتۆریتاریزم پێناسەی جۆری نوێنەکی دەروونناسی و شرۆڤەی جۆری لە تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی لە مرۆڤە. حکوومەتە سیاسییەکان هەمان نموونەی ڕەکخستنی دەسەڵاتی سیاسین کە دەتوانرێ بە چەند شێوەی جۆراوجۆر پێڵەن بەندی بکرێن، وەکوو ژمارە بەرپرسانی دەسەڵاتی سیاسی، شێوازی دەستنیشانکردنی بەرپرسان، جیایی نێوان ئێو دامەزراوانەی حکوومەت دەکەن و هێزوهاجۆری پێوەندیی نێوان دەسەڵاتداران و خەڵک.
دیاریکردنی سنووری کانی نێوان ئێو دوو ڕژیمانە کارکی زۆر ئاسان نیە، بەڵام هەر بەپێی ئێو پێوەرانە چەندین ڕژیمی جیاواز بوونیان هەیە، وەکوو دەموکراسی، کۆماری، پاڵمانی، پاشایەتی، دیکتاتۆری، تۆتالیتاریزم و هتد.
بە واتەیەکی سادەتر ڕژیمی ئۆتۆریتە بە دەستەیک لە ڕژیمە دیکتاتۆریەکان دەڵێن کە گرووپێک بە ناوی یەک حیزبی سیاسی وەکوو حیزبی بەعسی عێراق، یان داروودەستەیەکی چەکداری وەکوو حکوومەتی ژنەڕەکان لە ئارژانتین و حکوومەتی سەرهەنگەکان لە یوونان، ئازادیەکانی تاکەکەسی و حقووقی کۆمەڵایەتی خەڵک لە ناو دەبات و بە شێوەیەکی زۆرە ملانە بە سەریان دەسەپاتداری دەکا. 2))
ڕژیمەکان زیاتر لە دوو ڕوانگەوە خوێندنەوەیان بۆ کراوە: یەکەمیان هەوانگەی حقووقییە کە زیاتر وردە بەتەوە سەر بنەمای دەستووری و دامەزراوەکانی دەسەڵاتی گشتی. هەوانگەی دووەمیان ڕوانگەی زانستە سیاسی یە کانە کە بە شێوەیەکی کەمتر هەسمی و بە سنوور دەوانتە هەژیمەکان، لەو هەوانگەیەوە هەژیمە سیاسییەکان لە هەندی دامەزراوەیی و یاساییەوە سنوردار ناکرێنەوە بەکوو ڕەهەندی ئۆکتۆری دیکەش لە بەرچاو دەگیرێن کە دەیانهەوە کاریگەری یان لە سەر دەسەڵاتی گشتی هەبێ، وەکوو میدیاکان، سەندیکا، پارتە سیاسییەکان و هتد. بەڵام ئەبە سەرنج بدەین بە ئەوەی کە «ئۆتۆریتاریزم» لاوازە لەگەڵ «ئۆتۆریتە» autority) » و نابێ ئەم دوو چەمکە تێکەڵ بکەین.
بە شێوەیەکی کورت دەتوانین ئاماژە بە ئەوە بکەین کە «ئۆتۆریتە» تایبەتمەندیەکی شیاو و هەبژاردەیە و هاگەیێنەری هێزیی بەربڵاوی حکوومەت لە بەکارهێنانی دەسەڵاتداریە، هەبوونی ئۆتۆریتە لە لێکدانەوەی نیزامە سیاسەکان نیشاندەری هەوایی سیستەمی سیاسیە و

پەیوەندیی زۆر باش لەگەڵ هێز و دەسەڵاتداری هەیە. هەروەها «ئەتۆریتە دەتوانێ بە بێ هێز هەبوونی بێت، {کە بەم شێوەیە} کاریگەر نییە، بەڵام وەڵامدەری چەمکی «هەبوونی مافە».3))

لە ساڵی 1965،» رایمەند ئارۆن» (Raymond Aron)، مێژوونووس و کۆمەڵناسی فەڕانسەوی، حکوومەتە سیاسییەکان بە پێی پێناسیپێکی تر پەلەن بەندی دەکا، ئەویش رکابەریی نێوان پارتە سیاسییەکانێ، ئەو پێیوایە ئەو رکابەری یە تەنیا پێورەکێ کە دەتوانێ دەموکراسی لە تۆتالیتاریزم جیا بکاتەوە. هێروهها پێوەری دەستنیشانکردنی دەموکراسی لە حکوومەتێکی چەند حیزبی دا، زۆربوونی ژمارەی حیزبەکان نییە، بەڵکوو بەشایی و کەڵەنی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە نێو ئەو رژیمەدا، وکوو دابەشبوونی حیزبەکان بە سەر بەرەی چەپ و راست دا.
هەر لەو دیدگایەشەوە، سیاسەتزانەکان دەڵێن کار و کردەوە و هەڵوێستی رژیمە سیاسییەکان نێک تەنیا لایەنی حقووقی و دەستوری. بەو شێوەیە چەمکی سیستمی سیاسی دێنە کایەوە و لە نێو زانستە سیاسییەکان دا زیاتر باسی سیستەمی سیاسی دەکرێ. چەمکی سیستەمی سیاسی بانتر و زۆرتر لە چەمکی رژیمی سیاسی سەیر دەکرێ. سیستەمێکی سیاسی دەتوانێ چەند رژیمی سیاسی وەک پاشایەتی، سەرکایەتی، پارلمانتاری یان تەکنۆکراتیک لە چەند دانەی جیاواز لە خۆ بگرێ. ئەتۆریتاریزم دیاری کێژاوایە، هەروا کە جێگەی سەرەکانی دەرەختی ئەندیشە و بەرهەم هێنانی زۆرتری، وڵاتانی کێژاوایی بوو.

رژیمی ئەتۆریتار، رژیمێکە کە لەودا دەسەڵاتی سیاسی بە مانەوەی هەرچی زیاتری خۆی، هەوڵی یەکدەستکردنی خەڵک و کۆمەڵگە دەدا بە ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە زۆر بەهێنێتە ژێر رکێفی خۆی. لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە جۆرێک لە پەلەنکردنی رژیمە سیاسییەکان هاتنە کایەوە، ئەویش دابەشکردن بە سەر دەموکراتیک و نادەموکراتیک دایە، واتە رژیمە سیاسییەکان بە هەر شێوێک دابێژابن و بە هەر دەستوور و بنەمایەکەوە دروست بووبن، بە سەر ئەو دوو دەستەدا دابەش دەبن. بە نموونە؛ حکوومەتی کۆماری، پاڵمانی، پاشایەتی، یان تەنانەت ئایینیش تەنیا بە سەر دەموکراتیک یان نادەموکراتیک دا دابەش دەبن.
ئەمەکە لە نێوان کێژیمە کانی جیهاندا نزیک بە سەد کێژیم هەن کە نە دەتوانرێ لە کێزی کێژیمە دەموکراتەکان پەلەن بەندی بکرێن، نە لە کێزی کێژیمە تۆتالیتەرەکانەدا، ئەو کێژیمانەی بە رژیمی

ئۆتۆریتێر ناسراون.

جیاواز بوونی تۆتالیتاریزم و تایبەتمەندیەکانی ئۆتۆریتاریزم:

وشەی تۆتالیتر لە سەر چاوەکانی زانستی سیاسی، بە سێ شێوەی گشتی بە کار هێنراوە: تۆتالیتر (Totaliter))، تۆتالیتاریانیسم (Totalitarianism)) و تۆتالیتاریسم (Totalitarisme) 4).) دەستە واژەی تۆتالیتر لە ڕیشەی لاتینی Totus» » واتا «هەموو» داڕژاوە و بە مانای «گشتی، بەر بڕاو، پڵۆرالیزم، هەموو لایەن، پشێوو» هاتووە. لە زانستی سیاسی بە ڕژێم و حکوومەت گەلێک دەڵێن کە داخوازی بەر بڕاو بوونی ڕۆڵی حکوومەت لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگەن. هەروەها تۆتالیتر، ئیدۆلۆژی یان بزووتنەوە یەکە لایەنگری پشێوە و بوونی ئەم جۆرە دەسەڵاتە بێت.
سێ تایبەتمەندی سەرەکی ئەندیشەی ئۆتۆریتێر بریتیە لە:

- پڵۆرالیزمی سنووردار:

ئەو ڕژێمانە لە سیستەمی تاک حیزبی و تۆتالیتێر جیا دەکرێنەوە، هەروەها لە پڵۆرالیزم و چەند حیزبیش کە تایبەتمەندیی دێموکراسی یە جیا دەکرێنەوە. 5)) لەبەر ئەوەی کە تۆتالیتاریزم دژیەوە هەموو کۆمەڵگە لە پاوانی یەک ئیدۆلۆژی دا بێ، ئەندیشەی تۆتالیتەری، چاودێری و کۆنتڕۆڵی حکوومەتە لە سەر هەموو بناغەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت کۆنتڕۆڵی خەی تایبەتی؛
بەڵام ئۆتۆریتاریزم تۆحەمموڵی هەندێک جیاوازیی ئیدۆلۆژیکی، ئایینی و سیاسی دەکا. واتە چەندین پارت و گرووپی سیاسیی جیاواز دەتوانن چالاکی بکەن و تەنانەت لە نێو دەسەڵاتی سیاسی دا بوونیان هەبێ. تۆژینەران لە ڕژێمە فاشیستیە کانی مۆسۆلینی لە ئیتالیا، هیتلری لە ئەڵمانیا و ئیستالینی لە شۆرەوی، وەکوو چەند نموونەی ناسراوو بە تۆتالیتێر یادیان کردوە.6))

بەڵام ئەو پڵۆرالیزمە بە چەند هۆکار سنووردارە:

یەکەم ئەوەی کە ئازادیی گرووپە سیاسی یە کان لە لایەن ڕژێمەوە هەندێک چوارچێوەی بۆ دادەنرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە بوونی گرووپی ئۆپۆزیسیۆن یان سەندیکا ڕێگە پێدراوە، بەڵام چوارچێوەیەکی کار و چالاکی یان بۆ دەستنیشانکراوە و بەردەوام لە ژێر چاودێری دان.
دووەمین هۆکاری سنووردار بوونی پڵۆرالیزم ئەوەیە کە، هەرچەندە لەو ڕژێمانەدا هەڵبژاردن هەیە بەڵام تەنیا بۆ پشاندانی ڕخسارێکی دێموکراتیکە، چونکە هەڵبژاردن کاریگەری یەکی ئەوتۆی لە

سەر دەسەڵاتدارانی پلە یەکەم نیە، و تەنیا هەندێک ئاوگۆڕی لە پلەکانی خواروووتردا پێک دێنێ. (بۆ نموونە: شۆڕی پێتین-مەدڤدێف لە ڕووسیا)
سەرهەمین هەکاری سنووردارکردنی پلەرالیزم، بەکارهێنانی هێزە بە کەمکردنەوە و سڕکوتی ناڕازیان، هەتا پێنسیپەکانی بڕشرعیکردنی دەموکراتیک لە کەمە ڕێگەدا زیاتر چوارچێوەدار بن، ئەتۆریتاریزم خراپتر خۆی دەسەپێنێ و بە پاراستن و مانەوەی خۆی زیاتر کێک لە هێز و لە توندوتیژی وەردەگرێ.

– تێپەڕنەکردن و بێسیاسی نەکردنی خێڵەک:

ئەندیشەی تەتالیتری؛ ماننەوەی هێزی سیاسی لە دەست یەک حیزب و لابردنی هەموو جۆرە چاودێریەکانی خەکییە. 7)) لە ڕژیمە تەتالیتەرەکاندا لە قابدان و تێپەڕکردنی خێڵەک و پێیوەست کردنیان بە ڕژیم زۆر بەهێزە، بەڵام لە ڕژیمە ئەتۆریتەرەکاندا تێپەڕکردن و بێسیاسی کردنی خێڵەک و کەمەڵەگە زۆر لاوازە و هێوە دەدەن نەزمی کەمەڵایەتی بپارێزن. 8)) واتە بە پێچەوانەی ڕژیمە تەتالیتەرەکان، ئەتۆریتەرەکان هێوە نادەن پێکهاتەکانی کەمەڵگە دەستکاری بکەن.

– لاوازبوونی ئیدەلۆژی:

ئەندیشەی تەتالیتەری، هەوە دەدات بە شێوە پێدان بە کەمەڵگە بە پێی ئیدەلۆژی حیزبی و بە کارهێنانی هەموو ئامێرەکان بە بەرهەم هێنانی ئەم دەستوورە؛ بە نموونە ئیدەلۆژی نازیسم کەوە کوو تەتالیتر بوو لە ڕێگەی بانتر بوونی ڕەگەزی و ناسیۆنالیزم تا هەتاکوو لە ناو چوون هەوڵی دا و هەروەها ئەندیشەی فاشیسم بە زیندوو کردنەوەی شارستانیەت و سەر بێندیەکانی پێشوو هەوڵی دا. 9)) لە ڕژیمە ئەتۆریتەرەکاندا ئیدەلۆژی یەکان ئەو هێزیان نیە وەک ڕژیمە تەتالیتەرەکان دەست بە سەر هەموو پێکهاتەکانی کەمەڵگە دا بگرن. واتا ئەوەی ئەتۆریتاریزم لە تەتالیتاریزم جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە خواستی ئەوە لاوازە کە تەواویەتی کەمەڵگە یەکڕەنگ بکرێ. جیاوازی نێوان ڕژیمە تەتالیتەر و ئەتۆریتەرەکان ڕەگ خشکەڕە بە ئەوەی جیاوازیی نێوان دوو فۆرمی گۆڕەی کەنتۆڵی دەسەڵات لە سەر ئەپزیسیۆن و ناڕازیان بزانین.

نووسینی: زانکۆ یاری
بەکالریۆسی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی

-_____

سەرچاوەکانی وتارە کە:

Bernard, Berento. On Totalitarians, (1999-Paris). 1st-1 Edition, Plamna Press. Pages (46-48).

2- The Same Source: (On Totalitarians).

3- کازمی، عەلی ئەسغەر، قەیرانی نوخوازی و فەرهەنگ سیاسی لە ئراندا، تاران: باو کردنەوەی قدس، 1374).

4- فەرهەنگی زانستی سیاسی، مینوو ئەفشاری اد، چاپی یەکەم، باو کردنەوەی چاپار، تاران، 1379 ،ل592 .

5- تالیتاریزم، تژینگەی زانستی ئینسانی، پاییز1358 ، بی جا، ل 9؛ فەرهەنگی سیاسی، داریوش ئاشوری، چاپی دەوازدەهم، مروارید، تاران،1358 ، ل.65

Lafont, Rubio. The Past of a Fancy, Investigation on-6 Communist View in 2th C. (1995-Paris), Galman Press. Page: (18).

7- The Same Source: (The Past of a Fancy, Investigation on Communist View in 2th C).

8- Benton, Philip, “An Introduction to Modern Politic, Liberal Democracy and Totalitarisme”, 2nd Edition.-(1987-Paris). Pages: (452-455).

9-Kolakowski, Leszak. The Totalitarisme and Lie, 3rd Edition, .(Rutledge Press-(1942-Amr), pages: (660

چن گە بەدەم برسی بن؟ … عەزیز ەئووف

کچ و کوە جوانەکەم، ئوە لەنو کولەمەرگی ژیان، اهاتن بەوەی بابە نیوە موچەیەکی هەیە، اهاتن بەوەی ئاو و کارەبا نەبت، اهاتن بەوەی لە قوتابخانەی حکومی بخوننن و مامستاکانتان بیریان

لای ژیانی سەختیان بۆت، لەبەرامبەردا ئەوان منداڵەکانیان لە دەرەوەی وڵاتن و ناسنامەی ئەورووپا و ئەمریکا لە گیرفانی خۆیان و منداڵەکانیاندایە، لە قوتابخانە و زانکۆ بەناوبانگەکانی ئەمریکا دەخوێنن و لە فەیسبوکیشەوە وێنەی دەرچونیان بۆاو دەکەنەوە، ئەوان شۆشگێ و ئێمە خائین.
کچ و کوڕەکەم، ئێمە بەرگەی ئەم هەموو نەهامەتیە دەگرین و چەندین ساڵە شەڕی ئەم مافیایانە دەکەین کە وڵات وا بەڕێوە ناچێت، کەچی ئەوان ئەوسەریان لێگرتوین و لەنێوان بەڕێ و نەخێری ێیفراندێمدا کە خوا دەزانێت چ بەڵایەکی تر بەسەر ئەم هەرێمەدا دەهێنن، ئەوەی وەك خۆیان بیر نەکاتەوە تەخوینی دەکەن و بە مێژوویەك لە خیانەت و لە بەتاڵی سیاسیەوە بیرمان دەبەنەوە ێاستی لای کاممانە.

کچ و کوڕەکەم، کە لەساڵی 1975 ئاشبەتاڵیان کرد و ێایان کرد بێ ئەمریکا و لەناو جێگادا باپیرانیان مردن، باپیرەی ئێوە "شێخ ێەئووف" تفەنگەکەی لە ژووری ئاژەڵەکان لە گوندەکەمان شاردەوە و وڵاتی جێنەهێشت و تا یەك ساڵ دواتر خەباتی چەکداری دەستی پێکردەوە، ئینجا تفەتگەکەی دەرهێنایەوە، ئەوان لە کەرەج و ئەمریکا لەناو جێگەی نەرمدا بوون، ئێستا ئەوان شۆشگێ و ئێمە خائین، ئەوان پێشەنگی ێیفراندێم و ئێمەش خەفرێش.
کچ و کوڕە جوانەکانم، ئەوان ئاشبەتاڵێکی تر دەکەن و هیچ زەرەر ناکەن و لە پارەیەی ساڵی 1975 زیاتریان پاشەکەوت کردووە دەێن و من و ئێوەش بێ کولەمەرگی وەك " شێخ ێەئووف"ی باپیرتان جێدەهێن و کەسیان برسی نابن ئێوە نەبێت.
هەناسەکانم ئەوانەی باسی سەربەخێیی و نیشتیمان دەکەن، وڵاتیان بە سەرزەوی و ژێرزەویەوە تاڵان کردووە، ئەوانەی باسی ێیفراندێم دەکەن، هەر ێژە و دەستی بێگانەیەك دەهێننە ئەم وڵاتەوە و وەك نەهەنگ بیرە نەوت لوش دەدەن، ئەوانەی پێمان دەێن سەربەخێیی ێەنگە نەهامەتی و برسێتیش لەگەڵ خێی بێنێت، نە خێیان و نە منداڵەکانیان نە لە ێابردوو نە لە ئێستا و نە لە داهاتوو نە برسی دەبن و نە ماندوو دەبن.

ئێمە لێرەین گوڕەکانم، بەردەوامین، من نازانم کەی ئەم فەزاحەتە کۆتایی دێت، من نازانم کەی ئەم سیناریۆ و ئاراستەکردنە جێدەهێین، بەڕام ئەرکی ئێمەیە نەوەی ئەم جێرە سیاسەتە نەبین و پشت بکەینە ئەم جێرە لە ژیان کە نە لەگەڵ خواستەکانی ئێمەدا دێتەوە نە فاکتی تێدایە و نە ویژدان. ئیشی ئێمەیە حورمەت بێ تاکەکان بگەێنینەوە، بەنەوەی شکێشکاو ماێکی سەربەخێ دروست

ناکرێت، به قاچاخچیەکان نیشتیمان سەوز ناکرێت، قەت نەمدیوە مافیا باس لە سیادە و سەربەخێیی وڵات بکات ئەمانەی ئێمە نەبێت.
هەناسەکانم، من هیچم پێ نەکرێت دەتوانم دژ بە بڕیارێك بوەستمەوە کە ئاغایەك بێ پرسی خەڵك لە دیوەخانەکەیەوە دەری کردووە، هیچم پێ نەکرێت بە تەنهاش بێت دەتوانم بڕۆم من غوڵامی دیوەخانەکان نیم و دوای مژەی درێزنانەی ئەم ئاغاو کۆخایانە ناکەوم. کچ و کوڕەکەم لە ئێستادا هەر ئەوەندەم پێ دەکرێت، دەستی ئێوە بگرم و لە کۆی ئاغاکان بە گەورەترتان بزانم. شکێ گرنگە هەناسەکانم، کە شکۆمان هەبوو، نیشتیمان هی ئێمەیە.

ژیانی دووبارەی ئادەم ... سەباح هەنجەر

مانگ ورد ورد لەگەڵت دەڕوا
دیمەنەکانی ئەولا و ئەملای ڕێگا
ئەنگوستیلەی پەیمانی بەهەشتت لە پەنجە دەسووڕێنن
دروود بێ وچان و بەهرە و فەرهەنگی پاراو و بێ پایانی ئادەم
دوای تەواوکردنی هەر شیعرێك
ڕووبەڕووی یەك دادەنیشین
ئاو دەزێتە چاوی و بە شکێ و هەڵچوونەوە شتێك دەڕێت
چی لە دڵت بووەتە ترپەی ڕووداوێك و بە کپی هەڵت دەداتە ناو تەمی بەیانییان
منیش لە سەر پشتی ئەسپە گوڕایەڵەکەم لە سەیرکردنی ئومێدێکدا
هەتاوی خولیا لێی دام
کاتێك ڕاستەقینە دەبژێ و خێی دەلاوێنێتەوە
فرمێسکی دەشت و پێدەشتی تەکیە و خانەقا دەخووسێنێت
فرمێسك پیشەی خوداوەندی یاد و ئاهە
لەگەڵ هەر دابارینێکدا
ترسی بوکان لە هەناوی زەوی کەمتر دەبێتەوە
هەمیشە تەواوبوونی شیعر دەمترسێنێ
خۆشەویستی هات و نەڕۆیی
سێاوی لە بەوای دێ کرد

چەنت ویست ئاوها ڕۆگات لە ژێر پێدا کشا و سێبەری دەستم لەسەر سەر
ئاگرتی
چەنت ویست ئاوها ماڵئاواییم لێ کردی
چەنت ویست ئاوها تۆم هەڵدایە ناو ئاو
چەنت ویست ئاوها تۆم لە ئاو دەرهێنا
ئەك و کینەی خۆت بخۆرەوە
بۆوانە مانگ بە یاد و ئاهی خوداوەندانەوە دەسووتێت
مانگ وشەیەکە لە ماناکەی ناگەم
ورد ورد لەگەڵت دەڕوا
دیمەنەکانی ئەولا و ئەملای ڕۆگا
ئەنگوستیلەی پەیمانی بەهەشتت لە پەنجە دەسووڕێنن
تریفە لەناو شاخی کەهکێوی و لەپکەشینەی
ناوچەوانی خانوو دەتوێتەوە
بەدبەختی و خۆشبەختی هاوسەنگەری حەکایەتحوان دەردەکەون
دەنگ لە دوور و نزیکەوە دێت
هەنگ لە دوور و نزیکەوە دەناسرێت
هاتن و ناسین ئەوینێکی بێ پایان سەردەخەن
لەم خانووە دۆرینەی دەربەندی گەمدا
خانەدان و خانمێك
جگەرگۆشەی بەهرەداریان سەرپێ خست
لە هۆلانەی باڵندەشدا
قەپڵکە هۆلکەی تروکاو کەوتوونەتە حەوشە
ساجەژنی نێبەرەیانە
خانەدان سوارچاك و مامز بە هیوای بەختی باش
لە بۆسە و چاڵ دەپەڕێنێتەوە
پەینەوە لە بۆسە و چاڵ بێ حەکایەتخوان لەئارادایە
خانم ناولەپی گەرم و چاوی ئاهەنگگێڕ تیژ دەکات
پەتاتە لە کێگە هەڵدەکەنێ و لەسەر پشتی سێ دەیبرژێنێت
یاری پیت و ناوێك بێ حەکایەتخوان لە ئارادایە
نێبەرەش داوا لە خوداوەندی یاد و ئاهـ دەکات
هەوری ئاسمان جگێرکێ پێ بکات
گەواهەی خەواووش پێووی چاوی سووك هەنێ
شەرەکلێیەك بە دەسکی دەرگای ماڵی
خانەدان و خانم وەنووساوە
دوو مانگ بە ئاسمانەوەن
چاویان لە ووونی گوهەرگز پاراو بووە و بەختیان کراوەتەوە
ئاوودەن بە

شکێی خەرمانی گەنم
تەنکیی باڵی مەشهەنگوین
سووك هەڵگرتنی پڵی کارئاسك
کانی بەردەم ڕەشماڵی کۆچەریان
مانگ لە جیاتی ئەو بەهرەدارانەی
لە خانووی دڕینی دەربەندی گۆم سەرپۆ کەوتن
ئێشك لە شکێی سروشت دەگرێ
نووشتەی چاوەزار بە ناوچەوانی خانوو جڵانە دەکات
بخوور تا نەسووتێت بۆنی بڵاونابێتەوە
درەخت تا بەرز نەبێتەوە سێبەر ناگرێ
ئاو تا نەڕوات ئاوازی لێ پەیدا نابێت
پشکۆ تا نەبێتە خۆڵەمێش با نایبات
نواڵە لەناو کۆگەی برنجدا
تا ئەژنۆ خۆی هەڵکردووە و نینۆکەکانی دەبریسکێنەوە
بەخت خەڵاتی کردم و هەستم بە بەختەوەریی کرد
کاتێك شێتانە بۆ لای ڕامکرد
خواستێکی خودایی بەرەو ئەو شۆنەی بردم
ختووکەی ڕەگ و گەڵای برنج
چاوەڕوانی بە سوودی ڕەخساند و لە وادەی خۆی دوانەکەوت
بریسکەی نینۆکی نواڵە
لە تاسەی یاداشت مایەوە
کەو سەری خستە سەر قۆمەتێك برنج
دەمی بە قاقبەقاقی ئاسوودەیی گەرم کرد
چ هەڵگربوون و نیازێکی پاکە بە هیواوە ڕاکەی
ڕوخساری مەحاڵ دەبێتە ئاوێنە بۆ بەرانبەر
لێچی ڕوخساری زەوی پاڵاوگەی ئاوی نەمرییە
ئەستێرەناسێکی گەڵێك دەیگێڕێت
لێچی ڕوخساری زەوی نەزرە
مرازی نامرادان پڵی دەکەنەوە
ڕوخساری خانووش نووشتەی لە خشتەبردن فڕێ دەدا
ئادەم و حەوا بە دەستی پڕ گەنم و جۆ هاتنە سەر زەوی
لە ناو ئەو هەموو سروە ئارامەی مانگی ئادارداا
دڵم و دەچم
ئاسمان دەبارێنێت
لەگەڵ هەر دابارینێکدا
ترسی بوکان لە هەناوی زەوی کەمتر دەبێتەوە
ڕوخساری مەحاڵ دەبێتە ئاوێنە بۆ بەرانبەر

لەچی ڕوخساری زەوی پاڕاوگەی ئاوی نەمرییە
ئەستێرەناسێکی گەنج دەیگوت
لەچی ڕوخساری زەوی نەزرە
مرازی نامرادان پێی دەکەنەوە
ڕوخساری خانووش نووشتەی لەخشتەبردن فڕێ دەدا
بەهاری پێست نەرم
هاوینی دەروون گەرم
پایزی بە شکۆ و شەرم
زستانی نێبەتداری نەرم
ئێستا کاتی بانگی شیعرە
بە کاتی لێدانی دڵی من و خوداوەندی یاد و ئاھ
لێدانی دڵ هەموو شتێکی من دەزانێت و چاوساغی هەقیقەتە
نواڵە لە قەزاخەی منداڵانی خەماند
منیش لە قەزاخەی شیعر
ئەڕێ گیان لە کۆڵی جەستەدا دەژی
خەڵاتی خوداوەندی یاد و ئاھـ بوو
جگە لە نواڵە نەمتوانی بیر لە هیچ خانمێکی تر بکەمەوە
بەناو دارستاندا دێت
لە سێبەری درەختە گەورەکان پیاسە دەکات و لکە نزمەکان لا دەدا
پێی وەك باڵندەی بچووك دەجووڵێتەوە
باڵندەی دڵرینی هەوڵێر شەهید کرا
فڕینی لە یادمان ما
دایکی شەهیدێك تەرمی باڵندەی دڵرینی هەوڵێری
وەك دەسکە نێرگز و مێخەك
لە قەراغ ڕێگاکاندا بۆ فڕۆشتن داناوە
هێلانەی بەسەر مناڕەوە
لە سەبەتەیەکی بەتاڵ دەچێت و تاجی مێزەخانەی هەوڵێرە
لە چاوی پیس بە دوور بیت ئەی مێزەخانە
بریسکەی چاوم لە بریسکەی قژپچەی کراسی دیاری بەهەشت دەدا
وەرزی بەرگەیینی درەختی چلئاوازە
بۆن و بەرامەی لە سەدا و زەماوەندی باڵندان دەسکێت و بۆ ئاشق دەدوێ
سروەیەکم خۆشەبەرە
سێاوی لە بۆوای دڵ کردووە
بە بۆنی درەختی لاڵ مەست دەبم و گۆرانی خودایی دەڵێم
لە گۆرانیمدا خوداوەندی یاد و ئاھـ ستایش دەکەم
ئاسوودەیی چرا بەدەستان

دەبێتە بەری مزر و شیرینی درەختەکانی
بۆن بە درەختی لاڕۆوە دەکەم
کۆچەرکم هەوارم هەست بە لێدانی دڵی دەکرێت
سێبەری چرا بە دەستانی بەسەردا کەوتووە
گەیشتم بە شوێن پێی خۆم و گوێ لە بێدەنگی مردن دەگرم
مردنیش گەیشتووەتە ئەوپەڕی و دواقسەی لەگەڵمدا دەکات
خودا ڕووەکی ئاوی بۆ ماسی ڕواند
گوڵی سەر دووگردی نۆژ لە بن باڵی کۆتر ڕواوە و بۆنی کێچ دەدا
دیکتاتۆریش ددانی گورگی بە سەد نەخشی فریودەر نەخشاندووە
لەبەر خاتری ئەوەی درەختی مردنم بە سێبەر و بەر بکەم
دڵم لە سینگمدا کتێبی نۆژەکانی هەڵگرتووە
خیرا لێدەدا و پێستی تەنك بووەتەوە
خێرا جەنگ لەگەڵ دووڕوو بەرپا دەکات
خێرا قازاخەی پێ دەبێت و لە شوێنی بێند دایدەنێ
خێرا دەبێتە برای شیری ئاوڕنکەی سەر ئاوی تەنك
مانگ وێنەی نیوە بازنەیەکی لە سەر ڕووی ئاو دروست کردووە
من ئاوازی ناو مانگم
نامرادان لە تریفەی سەرووی ئاو نزیك دەکەمەوە
تریفەی سەرووی ئاو
دڵی پڕە لە خولیای ژیان و لە زەنەك دوورکەوتووەتەوە
جاڕجاڕکە داوی تەونی درۆژ کردووەتەوە
بۆ ئەوەیەتی خاوەن ماڵی پێ ببەستێتەوە
خاوەن ماڵیش لە تووڕەییان سوور هەڵگەڕاوە
خاڕخاڕکە بەسەر دەستی شووشەواتفرۆش نیشتووەتەوە
بۆ ئەوەیەتی گۆسکەی هەنگوین و دەنکە قاوەی ماڵە خاڵان
بهێنێتە بازاڕی کێلە فرۆشان
خاڵیش لە تووڕەییان سوور هەڵگەڕاوە
جاڕجاڕکە و خاڕخاڕکە
لەسەر کارتی جەژنانە خۆیان بە ئەمە ناساندووە و هەنگ و ڕوویان داگیرساوە
نوالە دێ و بەهانە لە قازاخەی دێ دەگرێ
لە نێوان بەردی گرانبەها و گوللەی شەرمن
دەنووسێت لەم ژیانەدا یەکتر بینینەوە هەیە
بۆ تاریك داهاتن زۆری نەماوە
مرۆڤ لە تاریکیدا مەیلی ئاگر دەکات
دوا مەشخەڵ
ڕۆوەسمکی ناقۆڵا لە شار

ەوەسمەوان لە داخان سەری لەناو شانەکانی نقووم کردووە
چاوەکانیشی لە چاوی باڵندەی گۆشتخۆر دەچن
جەنگ لە هاواری ئەسپ ناسراوە و باوەشی بۆ دواڕۆژ کردووەتەوە
دواڕۆژ ماڵی شایستەی نەمرانە
درەختی مردنی تۆدا بە سێبەر و بەر بکەین
بەڵێ درەختی شکۆداری مردن
کتێبی نوژەکان ئەفسانەی دواخۆشەویستیمن
سروەی مانگی ئادار
دەوروپشتی باڵندەی دڕینی پڕ ووڵن دەبێتەوە
ناو بۆ ڕۆژەکانی دادەنێت
سەرگەردان و پڕ ئامانج
بە شەقامەکاندا گەڕا و لەناو سیپەکانی درەختی باخی گشتی مایەوە
نیشتیمان چ بایەخێکی بۆ من هەیە کە برسییەتی دەمی مندااڵەکانمی
سڕکردبێت
حەزم لە پیاسە لەگەڵ خۆم و کۆبێنە
لە پیاسە لەگەڵ خۆم و کۆبێندا یادەوەری دێنە فریام
هەرشی کڵۆ دەشکێنێت
ماسی هەڵدەدەمە ناو حەوزی شووشە
گۆرانیش لە یاد و ئاهی خوداوەند بەرهەم دێنم
بەفر جوانییەکە گران بۆ لك و پۆپ
خوێن و گۆشت دەخاتە منداڵدانی سروشتەوە
پاشان پەیمان لە بەهەشت وەردەگرێ
چی نیشانەیە بۆ ئازادی
ئەو نیشانانەی کە نین
وەاتێك لە ویستی خەڵکەکەی خۆی ماندووە
هەندێك ویست بەر مەرگ دەکەون
ئەوانی دی بەردە پیرۆزەن
لەسەر کۆلی ئەو سەرکردانەی لە شۆڕەبەفرینە دروست دەکرێن
دادەندرێن
بۆ نیشانە و بەرد هاوێشتن
چیمان بۆ دەکرێ
چیمان بۆ ناکرێ
چیمان پێ دەکرێ
چیمان پێ ناکرێ
پەنجەرە و دەرگا بە چییەکان مەرکراون
ووناکیش لە بن حەفت لێفەی دەوان دەنرکێنێت
سەزیشی بەمان هەیە

لە باوەشی دایکی ئەو شەهیدەی
تەرمی باڵندەی دڕینی هەوڵێری
وەك دەسکە نێرگز و مێخەك
لە قەراغ ڕێگاکاندا بۆ فڕێشتن داناوە
هیچ شتێك جێگای نابێتەوە سڕز نەبێت
پێش ئەوەی باڵندەی دڕین جەرگسووتاو بکرێت
تای سییەکانم بەرز ببووەوە
دڵ جۆ بە خۆ ناگرێت و بەردەوام جۆ دەگوازێتەوە
ئەی جۆ هەموومانت حەپەساندووە
باڵندەی دڕین
حەکایەت و
چیرۆکی فۆلکلۆری و
پەند و
قسەی نەستەقی
کۆڵان و شەقامی شاری گوێ لێ بووە
هەناسە لە سینگتان ڕاگرن
بە جەربەزەییەکی زۆرەوە
دەیکاتە گۆرانی و لە بۆنە تایبەتییەکاندا دەیڵێت
ئەو سەرکردەیەی لە شۆڕەبەفرینە دروست دەکرێ
بە ڕاستی دەبێتە سەرۆك
لە بنی دەریا دەگەڕێن
گەوهەر بۆ تاجی دەدۆزنەوە
هەتاوی پێ ڕەنگی ناخ
هەتاوی پێ دەنگی ئاخ
هەتاوی پێ ڕەنگی باخ
هەتاوی پێ دەنگی داخ
لە بۆشایی شاخی کەڵەکۆی بەهەشتی دڕێندراوە وەردەگرێتەوە
پاشان بە هەمان شاخ
فووی لە مووی وەریوی سەر دەموچاوی ئادەمیی کرد
ئادەم لە دایکێك نەبووە و ناوکی نەبڕاوە
کەواتە نەگریاوە و پێستەچی نامەی دوانەخستووە
بای ناوەخت چلچرای نەخستووەتە مەترسییەوە
خوانی بەیانی بۆ خۆزان و منداڵەکانی ئامادە نەکردووە
نەهاتووە خولیای تەی ژیان بلاوێنێتەوە و فەرهەنگی سروشت
دەوڵەمەند بکات
بەهار خورپە بۆ قووڵایی گیان هەدەکشێنێ
هاوین تۆز و گەردی گەردەلوول لە دەمارەکانماندا دەپاڵێوێ

پایز بە دەرگای زیودا دێت
زستان دەوەمەندکاری فەرهەنگی سروشتە
نیشتیمان چ بایەخێکی بۆ من هەیە کە برسییەتی دەمی منداڵەکانمی سێ کردبێت
حەزم لە پیاسە لەگەڵ خۆم و کۆبینە
لە پیاسە لەگەڵ خۆم و کۆبیندا یادەوەری دێنە فریام
هەرشی کڵۆ دەشکێنێت
ماسی هەڵدەدەمە ناو حەوزی شووشە
گۆرانیش لە یاد و ئاهی خوداوەند بەرهەم دەهێنم
قەڵەمەش باڵە تەپە دەکات
منیش لەو ئاسۆیە دەڕوانم کە لەناو دڵمدا درژ دەبێتەوە
ئادەم دەمامك وەك دەبدەبەی دەم با
بەولا و ئەملادا دەچێت
ئەو دارەی تەمبووری لێ دروست کرا
ئەو دارەی تابووتی لێ دروســت کرا
ئەو دارەی پەیژەی لێ دروســت کرا
ئەو دارەی فــەلاقەی لێ دروست کرا
من خۆم بە چاوی خۆم بینیم
دار سکاڵای کرد و زمان لە دەمیدا شکا
من بە گوێی خۆم بیستم
دار سکاڵای کرد و زمان لە دەمیدا شکا
درەختی مردن بە سێبەر و بەر کراو
هاوڕێیەکی بە نان و نمەکە
بەیانییان لە خەیەوە بە ئاگا دێت
هەوای فریاکەوتن تای سییەکانی دابەزاندووە
درەخت لە مرۆڤ سەر و گەردەن بەرزترن
لەناو یەك کۆگەدا هەڵدەچن
هەنگ و دڵی یەکتریش کفن ناکەن
دانایی ئاگر نیوەی لە باوەڕی کەلەپووەرە و نیوەی لە بۆنی مۆژوو
پاشماوەی وشات وڕانیی دەخاتە دەستەکانمانەوە
هونەرمەندی شێوەکار بە فڕچەیەکی نەرم
تۆز و گەردی وشات وڕانیی لە دەست و شانمان دەتەکێنێت
هونەرمەند جەنگاوەرێکە نیوەی لە باوەڕی کەلەپوور و نیوەی لە بۆنی مۆژوو
ئەسپ لەناو بەفردا سڕ نابێت
باڵندەش لە ئاسماندا گەرم دەبێتەوە
پەڕەسێلکە لە بنمیچی تەلار و کەلاوەوە

غار دەداتە سەر درەختی چلئاواز
لە چەقۆی دەستی ئادەمیی ورد دەبێتەوە
ئەو چەقۆیەی داری تەڕی بە گۆپاڵ پێ خۆش کردووە
ئەسکی گۆزینگی مرۆڤیشی پێ هەڵکەندیوە
بە پەڕشەوە چەقۆی هەستەکانی تیژ دەکات و تاڵانی لەسەر دادەنێت
دواتر لەناو کاڵاو و دەستەسڕدا پەنای دەدا بۆ فڕشتن
کەلەباب
چاو و
گوێ و
لووت و
دەمی
لەسەریدا جێگەکەیان کردووە
قاچێکیشی لە زەوی کۆشایەوە
بە سینگی خۆیەوەی نووساند
سینگی درەختی بنەماڵە و قەڵای مێردانە
ڕۆی و
جەردە و
پاشدز و
ناکەسبەچە
تەماشای دەکەن و ئاوی چاویان دەژێتە بەرپێیان
ئادەم دەمامك وەك دەبدەبەی دەم با
بەولا و ئەملادا دەچێت
بەفر بۆ ئەوەی داوای لێبووردن بکات
ساردایی خستە باڵی باڵندەوە
من ڕۆگایان پێ دەدەم
بۆن لە گەرمای دڵی مندا کڵچ بکەن
لە یادەوەریان بنیشنەوە
دەنگ لە دوور و نزیکەوە دێت
هەنگ لە دوور و نزیکەوە دەناسرێت
هاتن و ناسین ئەوینێکی بێ پایان سەر دەخەن
لەبیرکراوی حەکایەتەکان
لە بەندیخانەیەکی لەبیرکراودا
لە تاوان دڵی لە چاوی هاتەدەر
پێشتریش فێنك و دڵخۆش لەناو خوناوی بەهاردا مێوانی ژیان بوو
بە خۆشییەکی تەواو لە نزیك هەموو شتەکانەوە دڵی کرابووەوە
نزیك قامیشەڵانێك گۆرانییەك چاوەوانە بگوترێت
نزیك هەشماڵێك فانسێك چاوەوانە چاوی ووناك بکرێت

نزیك داستانێك ئەسپێك چاوەوانە تەپڵ لێبدرێت
نزیك ئاهەنگی ساڵجەژنێك ئەفسوونێك چاوەوانە ببێتە حەکایەت
تیپێك حەکایەتخوان پێکەوە بۆژنە گۆزەکانمانەوە
مانگیش چاوی کەوتووە و لە نزیك
قامیشەڵان و
ەشماڵ و
داستان و
ئاهەنگی ساڵجەژنێك پشوو دەدا
بەرەو قووڵایی زەد دەڕوات
دڵی ماسییەکی حەپەساو دەداتەوە
ژانی ددانئێشە نیوەگیانی کردووە
لە ئاوی بەرسێبەر سەرمای بووە
بێ ئاوی هەتاوگر مل دەنێت
ستایشی شکۆی وردکەنان دەکات
بەلەمێك بەسەر ئاوکی هەڵچووەوە
تازە سەرنشینەکانی بێ خەخنکاندن خەیان هەڵداوە
لە دێتوندیی خەیدا پرسیارکی کردە چەتر بەسەر سەری هەموومانەوە
قەڵا ئەو پێشمەرگە باڵندە کوژانە لەسەرت چی دەکەن
نیشتیمانییەك باڵندەی دڕینی هەوڵری کوشت
بێ ئەوەی کوژرانی ببێتە بانەیەکی نیشتیمانی
حاجی لەقلەق بوو بە ناونیشانی فەرهەنگی پاراو و بێ پایانی
شەهیدان
نامرادی ناو بەیت و داستان
بەناو دارستاندا دێت
لە سێبەری درەختە گەورەکان پیاسە دەکات و لکە نزمەکان لا دەدا
قەڵەمکێشی هەناوی زەوی دەکێشێت
لە نێوان نامراد و هەناوی زەویدا
مەترسی سێبوونی دەست هەیە
هەواڵی کۆچی بێ وادەش
لەم دەوروبەرە بێ باك ئەستێرەیەك هەڵات
دڵی من لە ناوی لێدەدات و چاوم بە دەوروبەری خەمدا گێڕا
سەروشوێنی بڵباکیم ناسیوە و لە لێدانی دێ بێ ئومێد نیم
ئەو بەفرەی لە شەوکی بێ هەوادا دەبارێ دەمنێتەوە
لەناو پێووی هونەرمەنددا دەبێتە مێژوو
چەندین ساڵ لەناو پێووداً دەست دەخاتە دەستی
باوەڵی کەلەپوور و بنی مێژوو
مانگ ورد ورد لەگەڵ دەڕوا

دیمەنەکانی ئەولا و ئەملای ڕێگا
ئەنگوستیلەی پەیمانی بەهەشتت لە پەنجە دەسووڕێنن
بەڕێ بەڕاستی مانگ برادەرێکی بە نان و نمەکە
شەوی لەگەڵ
ڕێوی و
جەردە و
پاشدز و
ناکەسبەچە تەواو بووە

گرنگییەکانی چالاکییەکانی قوتابخانە بۆ منداڵان.. ڕزگار شوان

لە ئەمڕۆدا قوتابخانەی بنەڕەتی، شوێنێک نییە تەنها بۆ فێرکردن و بۆ فێربوون و بۆ وەرگرتنی زانستی و جۆرەکانی زانیاری، بەڵکو شوێنی پێگەیاندنی نەوەیە لە دوای نەوەیە.. کاری قوتابخانە پەروەردەکردن و فێرکردن و ئامادەکردنی منداڵانە لە هەموو قۆناغەکانی تەمەن و خوێندنداء، بۆ زانیاری گشتی هەمەچەشنە و بۆ پۆیستییەکانی ژیانێکی دروست ئاشنایان دەکا، تابتوانن لە ئەمڕۆ و لە داهاتووشدا دەربڕن و بۆ شۆڕیکی دروست گۆشبکەن و پێبگەن، ڕێیکی سوودبەخش و ئارەزوومەندانە لە نێو کەمەڵدا بگرنە بەر، بۆ ئاشنایان بە تواناکانی خۆیان ببن و، بۆ گەشبینییەوە لە ژیان و لە داهاتوو بڕوانن، خۆڕاگربن و بتوانن بۆ ئازایی و بڕیاکییەوە ڕووبەڕووی هەموو ئاڵۆز و گرفت و تەگەرە و بەرهەڵستییانە ببنەوە کە دێنە ڕێی ژیانیان.
پۆیستە ئاوڕ بزانین کە ئاستی ڕۆشنبیری و زەرزانی و چاوکراوەیی منداڵانی ئەم سەردەمە، لە سایەی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و گلۆبالیزم و بە سەدان داهێنانی سەیر و سەمەرە، جیاوازن لەگەڵ ئاستی منداڵانی سەدەی بیستەمین دا.. هیوا و ئاوات و خەون و پۆیستییەکانیشیان هەمان هیوا و خەونی منداڵانی نەوەی پێش خۆیان نین.

ئامانجی قوتابخانەی کلاسیکی ئەوەبوو کە زۆرترین زانیاری بئاخنێتە هۆشی قوتابیان، بەڵام قوتابخانەی نوێ، ئامانجی گۆڕکردن و بنیاتنانی کۆمەڵایەتی دروستی قوتابیانە، لە هەموو بوار و ڕووەکێوە، بە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوو ئامادەیان دەکا. (مەکسیم گۆرکی) دەڵێ:" پێویستە زانیاری لە خزمەتی ئەندێشەی منداڵان دا بێت، واش منداڵان ڕابهێنن کە بیر لە داهاتوو بکەنەوە" لە پەروەردەی کلاسیکیدا، پڕۆگرامی فێرکردن و خوێندن دیاریکراو و سنووردارەبوو. دەبوایە قوتابیان لەگەڵ پڕۆگرام و بەرنامەکانی خوێندنەدا خۆیان بگونجاندایە. بە ئەوەی گوێ بە توانا و خواست و بەهرە و ئارەزووەکانیان بدرێ، گوێشیان بە جیاوازی نێوان منداڵان نادا، بە درێژایی وانەکانیش، مامۆستایانی وانەبێژ تەوەری سەرەکی وانەوتنەوە بوون، بواریان بە قوتابییەکانیان نەدەهێشتنەوە، تا ڕا و بۆچوون و سەرنج و تێبینییەکانیان دەربڕن، یا ڕەخنە بگرن و پێشنیاربکەن. بەڵام لە ئەمڕۆ و لە پەروەردەی نوێدا، منداڵان بە هەند دەزانن و، پڕۆگرامی خوێندن بە پێی پێویستی و خواست و ئارەزوو و قۆناغەکانی تەمەن و گۆڕکردن و ئاستی تێگەیشتنی قوتابیان دادەڕێژن.. قوتابیانیش تەوەری سەرەکی وانەکانن، بە ئازادی و بە ڕاشکاوی گوزارشت لە هەست و سۆز و لە هەزر و لە ناخی خۆیان دەکەن، ڕێز لە ڕا و بۆچوون و سەرنج و ڕەخنە و لە هیواخوازی و لە پێشنیارەکانیان دەگرن.. (جۆن دیوی) دەڵێ:"منداڵ ئەو خەڵکە کە هەموو دەزگا پەروەردەییەکان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە" کۆچی تا ئەمڕۆش هەندێ لە کادیرانی پەروەردە و مامۆستایانی وانەبێژ لە چوارچێوەی پەروەردەی کۆن و لە ڕێبازە کلاسیکییەکانی وانەوتنەوە دەرنەچوون و، بە لایانەوە چەمکی وانەوتنەوە، دەبێ لە بازنەی پڕۆگرامی بەیاردراو دەرنەچێ.. بە پێوەرێکی سەواویش فێرکردن و فێربوون هەڵدەسەنگێنن.. ئەم بۆچوونە فەلسەفەیش، وانەوتنەوە بچووک و بەرتەسک دەکاتەوە.. ئەم وانەبێژانە نابەدڵن و بۆئاگان لەوەی کە ئەرکی پەروەردەی نوێ و پڕۆگرامەکانی نوێی خوێندن، بنیاتنان و گۆشکردنی کۆمەڵایەتی قوتابیانە، لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و هۆش و کۆمەڵایەتی و سۆزداری و نیشتمان پەروەریەوە، تا ببن بە هاوڵاتیانی دڵسۆز و باش و سوودبەخش.. بگومان بە ئامانج گەلێکی هەستیار و گرنگی ئاوهاش، پێویستیمان بە گۆڕانکاری ریشەیی هەیە، گۆڕانکاری لە ڕەفتارەکانی قوتابیان، پێویستیمان بە کادیرانی پەروەردەیی بەتەد هەیە، پێویستیشمان بە ئامادەکردنی مامۆستایانی وانەبێژی نوێخواز و فرەزان و شارەزای پەروەردەی نوێ و، شارەزای شێوازە تازەکانی فێرکردن و وانەوتنەوە هەیە.. ئەگینا پەیام و ئامانجەکانی پەروەردەی نوێ بەرجەستە نابن.

چالاکییەکانی قوتابخانە چین؟

تا ئێستا چەند پێناسەیەک بۆ چالاکییەکانی قوتابخانە کراون، کە لێرەکدا وەک نزیکن، وەک:
چالاکییەکانی قوتابخانە، بریتین لە پراکتیزەکردنی فێربوون، کە قوتابیان لە میانیاندا دەتوانن هەموو توانا و بەهرە خەفەکردووەکانیان، بە شێوەیەکی دروست و ئاراستەیی، بۆ تاقیکردنەوە بە کاریان بهێنن، هەل بۆ قوتابیان دەرەخسێنن، کە ئەو جۆرە چالاکییانە هەبێژێرن، کە لەگەڵ توانا و خواست و ئارەزووەکانیاندا دەگونجێن.
پێناسەیەکی تر، چالاکییەکانی قوتابخانەکان، ئەو بەرنامە تەسەلییە کە قوتابیان لەگەڵ بەرنامە و پڕۆگرامی خوێندندا، بەشداری لەدا ەشتنیدا دەکەن،، قوتابیانیش بە ئارەزووی خۆیان رووبان لەدەکەن، لە رێیانەوە ئامانجە دیاریکراوەکانی پڕوگرام دەنەدی.
(فەرهانگی زانیاری ئەمریکی) ش، بەم شێوەیە پێناسەی چالاکییەکانی قوتابخانە دەکا: "ئەو بەرنامانەن کە بەسەرپەرشتی و ئاراستەکردنی قوتابخانە جێبەجێ دەکرێن، ئەو بابەتانەیان لەخۆگرتوون کە پەیوەندییان بە ژیان و بە چالاکییە هەمەجۆرەکانی قوتابخانە و بە بابەتەکانی خوێندنەوە هەیە، یا بە لایەنی کەمەایەتی و بە ژینگە و بە یانەکانی وەرش و موزیک و شانۆ هەیە، یا پەیوەندییان بە بابەتە چاپکراوەکانی قوتابخانەوە هەیە"
لە ئەمەدا، چالاکییەکانی قوتابخانە بووەن بە بەشێک لە پڕۆگرامەکانی خوێندن، بووەن بە گیانێک لە دوو جەستەدا، بووەن بە بەشێکی پێویست و گرنگ لە ژیانی قوتابیان دا.. پسپۆرانی بواری پڕوەردەش پێیان وایە، کە ئەم چالاکییانە، کەکەیەکی گرنگن لە کەکەکەکانی فێرکردن و فێربوون و خوێندندا، لە بنیاتنانی کەسایەتی و بەهرە و شارەزاییەکانی قوتابیان.. بە شێوەیەکی ئەرێنی و دروستیش ئامادەیان دەکەن، تا تێکەڵ بە کەمەگا ببن.
بەجگە لە زاراوەی(چالاکییەکانی قوتابخانە) چەند زاراوەیەکی کەش، بە هەمان مەبەست بەکاردەهێرێن، وەکو:(چالاکییە پڕۆگرامییە زیادەکان) و (چالاکییەکانی دەرەوەی پەل)

ئامانجەکانی چالاکییەکانی قوتابخانە:

زۆرن ئەو ئامانج و مەبەست و سوودانەی، کە لە سایەی چالاکییە هەمەجۆرەکانی قوتابخانەدا دەنەدی، بە کورتی ئامانجی خوارەوە بەشێکن لەو ئامانجە گرنگانە:
١ـ چالاکییەکانی قوتابخانە، یارمەتی و ئاراستەی قوتابیان دەکەن بۆ

گەان و دڵزینەوە، بە دڵرخستنی توانا و بەهرە و ئارەزوو و بیرکەکانیان، بە گەشەکردن و کارکردن بە پێشکەوتن و باشتربوون.
٢ـ هەل بە راهێنانی پراکتیکی دڵخسنن، بە بە دەستهێنانی توانای تازەگەری و داهێنان و لێبڕگرتنەوە.
٣ـ بوار بە قوتابیان دڵخسنن، بە ئەوەی چێژ و خۆشی لە کاتکانی پشوودان و پڕژانیان وەربگرن و بە ئەنجامدانی کاری باش بیان قۆزنەوە.
٤ـ راهێنانی قوتابیان بە هەڵگرتنی بڕپرسێتی، بە بڕجەستەکردنی رووحی هاوکاری و راوێژکردن و یەکترقبووڵکرن و ڕێزگرتن لە را جیاوازەکانی هاوڕێکانیان.
٥ـ هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان پڕوەردەی رووحی و جوانی دا، لە نێوان زانستی و ڕێشنبیری دا.
٦ـ چالاکییەکانی قوتابخانە، هەندێ جاری دەروونی نەرمنی چارسەردەکن کە دووچاری هەندێ لە قوتابیان دێبن، وەکو شەرمکردن، دوودڵی، گەشەگیری، خەمناکی، ترس، بێوالاوازی، خۆپڕرستی، دڵتەنگی، کەمدوویی، ...هتد.
٧ـ بە کەمکایەتیکردنی قوتابیان و بەستنەویان بە ژیان و داب و نەریتی کەمکەوە. پێیوەندی برایەتی و خوشکایەتی و هاوڕێتیش خۆشتر و بەهێزدەکن.
٨ـ پڕوەردەکردنی قوتابیان لەسەر بیرکردنەوە و داهێنان و نەخشەکێشان و پلان دانان و بەرنامەڕێژی و کارکردن و ڕێکخستن و دیاریکردنی ئەرکەکان و ڕێ و بڕپرسێتی.
٩ـ راستکردنەوەی کەمکەک هەڵە و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و، ئاراستەی نەخوازراو.
١٠ـ بەدەستهێنای تەندروستییەکی باشی جەستەیی و دەروونی.
١١ـ مەستبوونی قوتابیان بە پێویستییەکانیان و، بە حەز و ئارەزووکانیان.
١٢ـ چالاکییەکانی قوتابخانە بەپشتبەستن بە بنیاتنانی کەسایەتی قوتابیانن، رایاندهێنن بە سەرکردایەتیکردن و رابەری هاوڕێکانیان لە میانەی گروپ و لە لیژنە پێکهاتووکاندا.
١٤ـ قوتابیان فێری ئەوەدێبن، کە چاک و پیاوەتیان لەدەستبەر، فێری ئەوەش دێبن کە بڕژەوەندی گشتییەکان بخەنە سەرووی بڕژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان، بەواشیان بە هاوکاری و هەروزی و بە ئەنجامدانی کاری بەکەمەوە دێبەت.
١٥ـ ئەو لێکۆینەوە پراکتیکییانەی کە لەم بارەیەوە ئەنجامدراون، ئەویان سەلماندووە کە چالاکییەکانی قوتابخانە ڕێکی ئەرێنیان لەسەر فێرکردن و پڕوەردەکردنی دروست و، لەسەر ڕەوشت و

ڕەفتارەکانی منداڵان هەیە، ئاستی خوێندنیشیان باشتربووە.
١٦ـ قوتابیان لەسەر ئەوە ڕادەهێنرێن کە خۆیان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن.
١٧ـ هەست بە جوانی دەکەن و جوانیخواز دەبن لە هەموو چالاکییەکانی قوتابخانەدا.
١٨ـ لە پێناوی وەرگرتن و زیادکردنی زانستی و زانیاری گشتییان.. دەبنە ئاشنایانی کتێبخانە و بە هاوڕیانی کتێب و، خوێندنەوەیان لا شیرین دەبێ.
١٩ـ گەشبین و بەوابەخۆ دەبن و متمانەیەکی زیاتریشیان بە تواناکانی خۆیان دەبێت.
٢٠ـ قوتابیان لە میانەی چالاکییەکانەوە، فێری بەخشین و وەرگرتن دەبن.
٢١ـ ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر بەرجەستەکردنی دیموکراتی و فرەڕایی لە ژیانیاندا.
٢٢ـ منداڵان لە ڕێشنبیری یادکردنەوە، دەگەڵێن بە ڕێشنبیری داهێنان.
٢٣ـ لە میانەی چالاکییە هەمەچەشنەکانی قوتابخانەوە، گیانی ململانێ و پێشبڕکێ دروست و ڕووحی وەرزشی و قبوڵکرنی ئەنجامەکان لایان بەرجەستەدەبن.
٢٤ـ بە هۆی چالاکییەکانەوە، دیاردەی نەهاتن و دابڕان و وازهێنان لە خوێندن و لە
قوتابخانە کەمتر دەبنەوە.
٢٥ـ زۆر لە پیاوان و لە ئافرەتە هەڵکەوتووەکانی جیهان.. سەرەتای هەوڵ و تاقیکردنەوەکانیان، بە بەشداریکردنیان لە چالاکییەکانی قوتابخانە دەگێڕنەوە.
جۆرەکانی چالاکییەکانی قوتابخانە:
جۆر و شێوەکانی چالاکییەکانی قوتابخانە چ بە کەمێ و چ بە تاک زۆر زۆرن، جگە لە چالاکییە ناسراو و باوەکان، ساڵ لە دوای ساڵ چێست و چالاکی نوێ دێنە ڕیزبەندیی چالاکییەکانەوە، ئەم زۆری و هەمەچەشنەییەش لە پەروەردەی نوێ دا، بە دابینکردن و مەستکردنی خواست و ئارەزوو و پێویستییەکانی قوتابیان و جیاوازی تاک، گرنگییەکی زۆریان هەیە.. هەر چالاکییەکیش گروپێک لە قوتابیان بە سەرپەرشتی مامۆستای پسپۆر و شارەزای ئەو بوارە چالاکییەکانیان ئەنجامدەدەن.. زۆر بە کورتی و بە چڕی بە نموونە هێنانەوە و، ئاماژە پێدان، گرنگترین چالاکییەکانی قوتابخانە ـ ئەگەرچی هەر هەموویان گرنگن ـ بەم شێوەیە پێلین کراون:

١ـ چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان:

ئەم چالاکییانە، ڕادەیەکی لەبارى زانیارى ڕۆشنبیرى بە قوتابیانى ئارەزوومەندى ئەم بوارە دەبەخشن، توانای زمانەوانى و دەربڕین و گوزارشتکردنیان گەشەدەکات.. هانیشیان دەدات کە بە ئازادیی ڕووبەڕووى جەماوەر ببنەوە.. گرنگترین گروپ و لیژنە و چالاکییەکانى بوارەکانى ڕۆشنبیریش لە قوتابخانەدا:
(گروپى کتێبخانەى قوتابخانە، گروپى وێنەگرتنى فۆتۆگرافى، گروپى کۆر و سمینار، گروپى پێشبڕکێى ڕۆشنبیرى و ئەدەبى و بە خوێندنەوەى هەڵبەستى ڕاوێژ و چیرۆک و پەخشان، گروپى ڕۆژنامە و گۆڤار و بەیاوکراوى سەر دیوار، گروپى گەشت و گوزار، گروپى بەڕێوەبردنى ئیستگەى ڕادیۆى قوتابخانە ـــ گەر ئیستگەى ڕادیۆیان هەبێ ـــ سەردانى کتێبخانەى گشتى، سەردانى مۆزەخانەى شار، پێشکێشکردنى شانۆگەرى پەروەردەیى و زانیارى و خێزانى و کۆمیدى، پێشکێشکردنى سروودى کوردى لەکاتى ڕیزبوونى پێش دەستپێکردنى خوێندن، پێشکێشکردنى هەڵبەست و پەخشان لە لایەن قوتابیانەوە لە کاتى ڕیزبووندا، ...هتد)

٢ـ چالاکییە وەرزشییەکان:

قوتابخانە لانکەى وەرزشە، چەندین وەرزشوان و پاڵەوانى ناسراوى وەرزشى لە ڕەى قوتابخانەوە پەگەیشتوون.. پەروەردەى وەرزشى لایەنکى زۆر گرنگە لە چالاکییەکانى قوتابخانە، ئامانجى گەشەکردنى تەواوى قوتابیانە، تا ئەو ئاستەى کە ببن بە مرۆڤى لەش تەندروست و، سوودبەخش و لەبووردە و بەوایان بەخێیان هەبێت و، خۆاگربن و، ئەرکەکانیان بەدیبهێنن.. چالاکییە وەرزشییەکان قوتابیانى وەرزشوان لە گەڕژى و لە هەڵچوون و لە دەتەنگى و لە وزەى پەنگخواردوو ڕزگاردەکەن، لە ڕووى جەستەیى و هەش و دەروونەوە، بە شێوەیەکى تەواو و هاوسەنگ قوتابیان پەدەگەیەنن، دەیانخەنە سەر ئەو بڕوا و دڕووشمەى کە (هەشى دروست.. لە لەشى دروست دایە) مامۆستاى پەروەردەى وەرزشى سەرپەرشتى هەمو چالاکییە وەرزشییەکان دەکات.
گرنگترین گروپەکانى چالاکییە وەرزشییەکان ئەمانەن:
(گروپى تیپە وەرزشییەکان بە یارییەکانى ـــ تۆپى پێ، سەبەتە، باسکە، تۆپى دەست، تۆپى سەر مێز، گروپى بەشداریکردن لە یارییەکانى نمایشى ساڵانەى گۆڕەپان و مەیدان، گروپى دیدەوانى و خۆتگا، یارى و پێشبڕکێى نێوان پێڵەکان و قوتابخانەکان، گروپى سکاو و هەڵکەرنى ئاڵاى کوردستان، گروپى مەڵەوانى، گروپى جیمناستیک،..هتد)

٣ـ چالاکیی زانیارییکان:

چالاکیی زانیارییکان، ئەو بوارەیە کە هەل بە قوتابیان دەخسێنێ، تا بە کردار ئارەزووی و حەزەکانیان بەرچەستەبکەن، چەمکی بیرکردنەوەی زانیارییان لا قووڵتربێت.. بواری ئەوەشیان بە دەرخسێنن، کە لە ڕێی بەرنامە تیۆرییەکان و پراکتیکییەکانەوە توانا و بەهرەکانیان دەربخەن.. گرنگترین بوارەکانیشیان:
(چالاکیی کۆمپیوتەر، تاقیکردنەوەی زانیاری، گۆشی زانیاری، بە ڤیدیۆ، پێشاندانی ژیانامەی زانایان، یا بابەتی زانیاری،...هتد)

٤ـ چالاکیی هونەرییەکان:

بریتین لە کۆمەک چالاکی و کاری کرداری هونەری لە نێو قوتابخانەدا، کە لە دیدی قوتابیانی بەهرەمەند خۆیانەوە ئەو جوانییانەن هەڵهێنجانەدوون و لە تابلۆ و پێکەرە هونەرییەکانیاندا بەرجەستەیان کردوون.. سوودیش لەو کارەستە خاوانە وەردەگرن کە لەژینگەکەیاندا هەن، چالاکیی هونەرییەکان گرنگی بە هەشیاری هونەری قوتابیان دەکەن و، ئاستی داهێنانیان بەرزدەکەنەوە و، بە شارەزایی نوێی هونەری دەوڵەمەندیان دەکەن. ئەو کەسە بەهرەمەندانەش دەردەکەون کە خاوەنی بەهرەی هونەریی جیاوازن. گرنگترین چالاکیی هونەرییەکانیش:
(کردنەوەی پێشانگای قوتابخانە، بەشداریکردن لە پێشانگای ساڵانەی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی شار، کاری چنین، کاری دەستی، کردنەوەی پێشانگای تایبەتی، سازدانی پێشبڕکێی وێنەکێشانن، دیزاینسازی، ڕەژی نمایشی کڵ وپڵی فۆلکلۆری کوردی.. دانانی تیپی موزیک و سروود و گۆرانی کوردی، دانانی گروپی شانۆی قوتابخانە)

٥ـ چالاکیی کۆمەڵایەتییەکان:

ئەو چالاکییانەن وا لە قوتابیان دەکەن، کە ئەرکی کۆمەڵایەتییەکانی سەرشانیان لە کۆمەڵدا بزانن، پەیوەندیی هاوەڵێتییان گەشە دەکات، خۆشەویستی و هاوبەستەبوونیان بە گڵ و نیشتمانەکەیان شیرینتر دەبن، خۆشەویستی و ڕێزی کار و کرێکاران لە دڵیان دەوەژن.. ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان بە دروستی گەشەدەکەن، فێری ڕاستگۆیی و دەسەزی دەبن، ڕوحی خۆشکایەتی و برایەتی و هاوەڵێتی لە لایان شیرینتردەبن. چالاکیی کۆمەڵایەتییان لە کۆمەڵدا زۆرن، گرنگترینیان:
(سازدانی فێستیڤاڵی خۆشی، دانانی تیپی هەڵپەڕکێی قوتابخانە،

بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ماڵ و قوتابخانە، ئاهەنگ گێڕان بۆ بەنەی ڕۆژی جۆژنی نەورۆز، ئاهەنگێڕان و سازدانی چالاکی لە ڕۆژی جیهانی منداڵان، ئاهەنگێڕان لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بەرزڕاگرتنی ڕۆژی هێکردنی ئاڵای کوردستان، یادکردنەوەی ڕۆژی ڕاپەڕین لە باشووری کوردستان، بەرزڕاگرتنی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، لەبەرکردنی جلی کوردی لە ڕۆژی جل و بەرگی کوردی دا، گرنگیدان بە ڕۆژی کتێبی منداڵان، یادکردنەوەی مەرگساتی هەڵەبجە و، ڕۆژی کۆمەکوژی و ژینسایدی کورد – ئەنفال، ڕێکخستنی ئاهەنگی ساڵانەی کۆتایی قوتابخانە،...هتد)
لە کۆتاییدا، ئەو چالاکییانە و چەندین چالاکی تر هەن، هەروەها مامۆستایان و قوتابیان دەتوانن چالاکی نوێ دابهێنن.. چالاکییەکانی قوتابخانەش، تێکهەڵکێشن و پەیوەندییان بە یەکتریيەوە هەیە، هاوئامانج و تەواکەری یەکترین.. ماوە ئەوش بڵێین، پێویستە لە سەرەتای ساڵی خوێندنەوە گروپ و لیژنە چالاکییەکان دابنرێن، تا پشووخت بەرنامە بۆ کار و بۆ چالاکییەکانی قوتابخانەکەیان دابڕێژن.. ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی قوتابخانە، بۆ دڵسۆزی و هاوکارییەکی تەواوی نێوان مامۆستایان و قوتابیان دەنەدی.

ڕەزا شوان
نەرویج: (٣٠ی/ یونی/٢٠١٧)

پرۆژیەکی دیکە لە منداڵانی کەمپ

مەنسوور جیهاني ــ پرۆژیەکی دیکە لە منداڵانی کەمپەکانی ئاوارەکانی سووریا و عێراق لە لایەن کۆمپانیای "مژ فیلم" بە بەرهەمهێنانی "بەهەمەن قوبادی" ساز دەکرێت.
دوای سەرکەوتنی فیلمی دیکۆمێنتاری "ژیان لە سەر سنوور" و بەشداریی لە فیستیڤاڵە جۆراوجۆر و گرینگە جیهانییەکاندا، لەوانە: "بەرێینالە" و هەروەها نمایش لە وڵاتانی جیهان، کۆمپانیای سینەمایی "مژ فیلم" بە بەرهەمهێنانی "بەهەمەن قوبادی" بۆیاروایە فیلمێکی دیکۆمێنتاری دیکە لە قەوارەی ٤ بەشدا لە دەرهێنانی

منداڵانی توشبووی شەو بەرهەمبێنێت کە لە کەمپەکانی ئاوارەکانی سووریا و عێراق ژیان بەسەردەبەن.

بە مەبەستی ئامادەکردنی ئەم منداڵانە لە بواریی سازکردنی فیلمە دیکۆمێنتاریییەکاندا، چەندین ژووری وانە گوتنەوە لە کەمپەکانی سووریا و عێراق دامەزراوە کە تیایدا لە لایەن ڕاوێژکارانی بەتوانای سینەماییەوە، ڕاهێنانی پێویست بۆ بەڕەوپێشبردنی سازکردنی ئەم فیلمانە بە منداڵەکان ئاراستە دەکرێت.

ڕیزی مردووەکان هەڵگری من نییە... سوهێلا مەیهەمی

با دیوار،
مێشکی بونبەست و
کەڵەم کۆلاکی بنوێنێ،

با زیرەڤان،
شەوەکانی دەخەش بێ سنوور،

دیکتاتوریەتی کاتەکان
دیکتەی دار بنوێنێتە سەر ساوای سپێدەدا ،

تۆ بە دەنگی هەناسە،
بە هەنگی خوێن،
داخزە بە دەمارەکانمدا.....

زەوی پێوەبە لە مەنگی خەیا
یا ئاسمان،
کە من چ یاخییانە ژنێتیم، دەژییم
لە قەندیلی پیاوەتیتدا

دەنووسمە بەکەسترین شیعر،
بە نامەیی کەماندا،
ئەرخەوانکی ئاشنام،

گەیشتنمان چ پەرتەوازەیە،
خاو گالیسکەی خەیاڵ...

ریزی مردووەکان هەڵگری من نییە،
کافەیەکی پڕ لە "کافکا"م
نیشیوە،

لەگەڵ،
لە گەڵا، بەتاڵییەکانی ئەم گەستانە.....
بە سەر/بەری هاوتەریبی،
من هیچ دەچم...

سنە
سوهەیلا مەیهەمی
لەژمارە(۹۳۸)ی هەفتەنامەی سیروان، لاپەڕەی (۱۱) لەسەر
باوکراوەتەوە

بە کچێ یەزیدیەکێ ... سمکۆ

ئێ ئێ و خەرێ ئاوا بویت و
ڕۆژێ هەڵهاتنەوەت لێ گیرا
نێك تێنها کوردستان
خودات لێ خۆنی ئێبەدی و
ویژدانت لێ گەڵ دەرهەنا
ێ پەپوولەی پێ خۆنی شیللیت
ڵێ نەو پەڕەی تەزاوی قورئانکدا
ڵێ خاچ درا
بە پێی یاسای موبارەکیان
تێ سەبایای
ڕۆق و کینەی دوو قەرنیان
ڵێ پرچ و جەستەی تێ دەرهەنا
ئێ خەری قژ هەڵپروسکاو
بەڕۆ ئاوەدەڕۆ
ێ بە هەساریەکی دی بگەڵ

لەو هەبێ
هەسارەیەک کە تائیستا
دەستی خودای نەگەشتبێ
لەوی بژی لەوی بنوو
لەوێ وانەی عەشق بێیرەوە
ئ باسی جەنمی زەوی
بە گشت مەخلوقەکانی بگۆڕێ.